# کلتووری کۆمەڵایەتی لە حیکایەتی کوردیدا
# بە نموونەی( 25) ژمارەی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر

**ID No. 4069**

(PP 182 - 202)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.13

**ابراهیم حەسەن حەمەد**

بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە/  زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

Ibrahim.hamad1@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن: 2021/04/26**

**پەسندکردن: 2021/06/22**

**بڵاوکردنەوە: 2021/11/20**

**پوختە**

کلتوور،گرینگییەکی تایبەتی هەیە ،چونکە شێوازی ژیانی کۆمەڵگە لە ئێستا و لە رابردوودا و میراتی کۆمەڵایەتی هەرگەلێك لە زانسـت ،هـونەر ،ئەخـلاق ،یاسا و داب و نەریت و ئایین و هتـد... بەدیاردەخـات. هەربـۆیە کلتـوور ڕۆڵێکی یەکجـار گرنـگ دەگێـڕێ لە پەروەردەکردنـی تاکەکـانی کـۆمەڵگەدا .بەمەش دەبێـتە ئاوێنەیەکی پاك وبێگەرد بۆ پیشاندانی واقیع وحەقیقەتی ناو کۆمەڵگە.

فۆلکلۆری کوردی بە هەموو بەشەکانییەوە،بەتایبەتی حەکایەتەکان کە پڕن لە بەهای جوان ودەکرێ سوودی کـۆمەڵایەتی وپەروەردەیـی لـێ وەربگیـرێ، وەك/ ئازایەتی وبوێری و وەفا وئاکار وئەخلاقی بەرزی کوردەواری و هاوکاری وهەرەوەزی وداب ونەریتی ئەوتۆ کە سوودی بۆ کۆمەڵگەهەبێت.

کلتووری کۆمەڵایەتی گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئـادەمیزاد، بـۆ منـداڵان ومێـرد منـداڵان وهەرزەکـاران وگەوران وەك یەك سـوودی لێوەرگرن خولی ژیانیان پێ بەسـەربەرن.  کلتـوری کـۆمەڵایەتی لە هەمـوو سـەردەمێکدا شـتێکە مـرۆ ڤ لە کـۆمەڵگە بەدەسـتی دەهێنـێ ولە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە و دەبێتە نەریتێکی وا کە سـوودی هەبێـت بـۆ کـۆمەڵگە وبە شـێوەیەکی راسـت ودروسـت گەشـەیەکی پەروەردەیـی کـۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت.

**وشە سەرەکییەکان:** کلتووری کۆمەڵایەتی، حەکایەت، بەهای کۆمەڵایەتی، گرنگی حەکایەت، پەروەردەی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

ئەم باسە لە ژێر ناونیشانی ( کلتووری کۆمەڵایەتی لە حەکایەتی کوردیدا) سەبارەت بە چەمك و پێناسەی کلتوور، زۆربەی زانایـانی ئەنترۆپۆلۆژیای کلتووری و ڕۆشنبیران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە لە کۆمەڵە شتێکی بەیەکەوە گرێدراوی کردار و باوەڕە، بە میرات جێماوە، شێوەی ژیانی ئێمە دیاری دەکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیـکەوە دەگـوازرێتەوە، بەمەش دەبێـتە نەریـت و میراتێکی کۆمەڵایەتی و لە کۆمەڵگەوە بە دەستی دەهێنن، واتە کلتوور شـتێکە لە ژیـنگە و دەوروبەر وەردەگیرێـت و ڕێ و شـوێنی هەموو گەلێکە یاخود ڕێ و شوێنی دەستنیشانکراوی گرووپێك لە خەڵك یان گەلاڵەی ژیانیانە.

کلتوور دەبێـتە بەهـای مـاددی و کۆمەڵایەتییەکـان واتە میراتـی کـۆمەڵایەتی هەر گەلـێکە لە زانسـت، هـونەر، ئەخـلاق، یاسـا، کەرەستەسازی و چۆنیەتی بەکاربردنی و شێوازی گەیاندنی بە داهاتوو لە ڕێگەی کارو کردەوە و پڕکردنەوەی وەدەسـت هـاتوو یـان بڕی پەروەردەکراوی تاك لە کۆمەڵگەدا . کەواتە کلتوور دەبێتە شێوازی ژیانی کۆمەڵ لە ئێسـتا و لە ڕابـردوودا، کە زیـاتر مەبەسـتی کلتووری مەعنەوییە و ئەو بەها گرنگ و جوانانەیە کە مرۆڤ لەسـەری ڕاهـاتووە و سـوودی ئەخلاقـی و ژیـاری و مەدەنـی مرۆڤـی تێدایە و بەمەش مرۆڤەکان پەروەردەیەکی تەندروستی لێ وەردەگرن  و بۆ نەوەکانیـان دەیگـوازنەوە و شـێوازی ژیـانی ئەم گەلەی تێدا دەستنیشان دەکرێ. حەکایەتەکان لە فۆلکلۆری کوردیدا پڕن لە بەها و ئەخلاق و مەردایەتی و ڕاستگۆیی و وەفا و سەخاوەت و یارمەتی دانی یەکتر و کاری هەرەوەزی و پڕن لە داب و نەریتی ئەوتۆ، کە لە ڕاستیدا دەبێت بەردەوامی پێ بـدەین و نەوەکـانی پـێ کۆش بکەین و تەوزیفیان بکەین لە ژیانی ڕۆژنەماندا چونکە سوودی یەکجار زۆریان هەیە و زۆربەی لایەنەکانی ژیان پڕدەکاتەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەو کلتوورە کۆمەڵایەتییەی، کە لەو (25) ژمارەی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆردا هەڵمان بژاردووە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: بە مەبەستی بەدەرخستنی ئەو کلتوورەیە کە لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیدایە و ئەو شتە جوان و پڕ بەهایانە، کە لە حەکایەتەکاندا بەدەستی دێنین و دەیکەین بە شێوازی ژیانمان و بۆ پەروەردە کردنی نەوەکانمانە لە داهاتوودا.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە: ئاستەنگەکە ئەوە بوو، کە لەوەو پێش لێکۆڵینەوەی وام چاوپێ نەکەوتبوو و زۆر بەکەمی لەسەر کلتوور نوسراوە و بیرو باوەڕ و ڕای جیاوازی زۆر تێکەوتووە لەسەر چەمك و زاراوەکە و کەمی سەرچاوەش ئاستەنگێکی دیکە بووە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆر کەم لەسەر ئەم بابەتە نوسراوە و کتێبخانەی کوردی لەم لایەنەوە زۆر هەژارە و ویستم بە خوێندەوارانی بناسێنم و شێوازی ژیانی ڕابردوو بگەڕێنینەوە بە شێوازێکی جوان و تەندروست. هەروەها پێم باش بوو کورتەیەك لە هەقایەتەکان بخەمەڕوو بۆ ئەوەی خوێندەوار زیاتر ئاشنا بێت بە دەرس و پەند و زیاتر ئاشنایی پەیدا بکات لەسەر ئەو کەلتورەی لەنێو هەقایەتەکاندا بەدەست دێت.

لێکۆڵینەوەکە لە پوختە و پێشەکییەك و شەش تەوەرە پێکهاتووە:

لە یەکەمیاندا/ چەمك وپێناسەی کلتوور خراوەتە ڕوو و ئەم دەرەنجامانەی، کە لە کلتوور بەدەست دێن.

لە دووەمیاندا/ باس لە گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا دەکات.

لە سێیەمیاندا/ باس لە منداڵ و چیرۆکی منداڵان دەکات بە حەکایەتی کوردیشەوە هەر لێرەدا باس لە پێناسە و بنەمای حەکایەتی فۆلکلۆری و جۆرەکانی دەکات.

لە چوارەمیاندا/ باس لە هەرزەکار و دەزگا پەروەردەیە کۆمەڵایەتیانە دەکات وەك خێزان و قوتابخانە و ڕۆڵیان لەبەرەوپێش چوونی ژیانی کلتووری و کۆمەڵایەتیە لە ئێستا و لە ڕابردوودا و دەکرێ گرنگی زیاتریشیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کارایان هەبێت لە شێوازی ژیانی ئێستای کۆمەڵگەدا و کۆمەڵگەیەکی تەندرەست بنیات بنرێت.

لە پێنجەمیاندا/ باس لە کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کە بەرەو ڕووی تاکەکانی کۆمەڵگە بوونەتەوە لە ئێستا و لە ڕابردوودا و هەقایەتەکان تەوزیفی شێوازێکی جوان و ڕێك و پێك دەکات بۆ کۆمەڵگە، کە لە هەقایەتەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە.

لە شەشەمیاندا / باس لەو کلتوورە دەکات کە لە هەقایەتەکاندا خراوەتەڕوو گرنگی دەردەخات لەو کلتورە کۆمەڵایەتیانەدا کە دەست نیشانکراوە.

لە کۆتایی باسەکەشدا چەندین خاڵ بۆ گەیشتن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشانکراوە و بە سەرچاوەکان کۆتاییمان پێهێناوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: لە لێکۆڵینەوەکەماندا ئەم میتۆدانەی خوارەوە پەیڕەو کراوە:**

میتۆدی وەسفی: ئەو میتۆدە یەکێکە لەو میتۆدانەی کە لە زۆربەی زانستەکاندا بەکاردەهێنرێت، لە فۆلکلۆر و بەشەکانی بەتایبەتی لە هەقایەت، چونکە هەقایەت خۆی لەخۆیدا وەسفی ڕووداو و کەسایەتی و ئەو بیروباوەڕانەیە کە ڕەنگدانەوەی ژیان و شێوازی کۆمەڵگەی تێدا دەخرێتە ڕوو وە هەروەها ئەرکەکانیشی دەخاتە ڕوو.

میتۆدی کۆمەڵایەتی: ئەو میتۆدەیە کە تیایدا توێژەر توخم و ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی تیادا دەستنیشان دەکات لە بەها و داب و نەریت و بیروباوەڕ و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بەمەش لە ئەرک و وەزیفە و چارەسەرەکان دەدوێت کە لە دەقەکان دیاری دەکرێن وە بە هەقیقەت دەبێت لە ئەرک و خزمەتی کۆمەڵگەدابێت.

میتۆدی شیکردنەوە: میتۆدی شیکردنەوە بەتایبەتی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، ئەم میتۆدە یەکێکە لەو میتۆدانەی لە هەقایەتەکاندا بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوەی هەقایەتەکان بۆ پێکهاتەکانی و بەرجەستەکردنی ئەو هەموو واتا و مەبەست و مانا جوان و سەرنجڕاکێشەکانی و دەستنیشانکردنی ئەو هەموو بەها و کلتورە کۆمەڵایەتیە هەمەلایەنانە لەم میتۆدەدا خراوەتەڕوو.

**پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو**

- ناهیدە ئەحمەد، کتێبێکی چاپکردووە لەژێر ناونیشانی (سەرەتایەک دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد)، کە تیایدا باس لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەر فۆلکلۆر و باس لە گرنگی فۆلکلۆر دەکات بەشێوەیەکی گشتی و تا ڕادەیەک گرنگی حەکایەت و جۆرەکانی بۆ منداڵان ڕوون کردۆتەوە.
- حەمە فەریق حەسەن لە ساڵی (1997) کتێبێکی چاپکردووە لەژێر ناونیشانی (مەملەکەتی ماسی) سەربردەی (30) حەکایەتی فۆلکلۆرییە و تا ڕادەیەک کاریگەری ئەفسانە و هەقایەتی میللەتانی دیکەشیان بەسەرەوەیە و باس لە تایبەتیەکانی حەکایەتی کوردی دەکات و گرنگی حەکایەت بە ڕادەیەک ڕوون دەکاتەوە بۆ دەوڵەمەندی زمان و فەرهەنگ و زۆربەی حەکایەتەکانیش خورافین.

- دکتۆر ئیدریس عەبدوڵلا، کتێبێکی لە ساڵی (2008) بەناوی (وانە زێڕینەکان) چاپکردووە، کە تیایدا باس لە تێکستی (سەد سەربردەی فۆلکلۆری کوردی) دەکات. لەو حەکایەتانەی خستوویەتیە ڕوو، هەندێ وانە و پەند و ئامۆژگاری لێ دەستنیشان کردوون و زیاتر ڕوونکردنەوەیەکی بەسوودی بواری ئاینین و دەکرێ سوودی زۆری لێ ببینرێت.
- ئەوەی ڕاستی بێت، باسەکەی ئێمە باسێکی ئەکادیمی و زانستیە و هیچ لەو نووسەر و لێکۆڵەرەوانەی، کە دەستنیشانمان کردوون، باسێکی تێر و تەسەل نین و باسیان لەو کلتورە کۆمەڵایەتیە هەمەلایەنە و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیان سەبارەت بە داب و نەریت و بیروباوەڕی کۆمەڵگە بەتەواوی نەخستۆتە ڕوو سەبارەت بە منداڵان و هەرزەکاران و کێشە و گیروگرفتەکان و ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنیان دەستنیشان نەکردووە بۆ ئەوەی نەوەیەک بێننە کایەوە کە شانازی بەو کلتورە پاک و بێگەردەی باوک و باپیرانیان بکەن و وەک گەنجینەیەک بەردەوام سوودی لێ وەربگرن. ئەو حەکایەتانەی ئێمە هەڵمان بژاردوون لە باسەکەدا دووبارە نین لە لێکۆڵینەوەی نووسەرانی پێشوو.

**1. مەبەست لە کلتوور چییە؟**

هەموو گەل و میللەتێك شێوازێکی تایبەت بە ژیانی خۆیان هەیە، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەیان لە یەکتری و بەراوردکردنیان،هەندێ جار ئەو کلتوورە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو میللەتانەدا هەیە، هەندێ جاریش جیاوازییەکان ئەوەندە نییە، بەڵام جیاوازی هەر دەبێت لە بیر و باوەڕ ، نەریت ، شێوازی ژیانیان.هەندێ لە زانایان و گرووپی پێناسە مێژوویيەکان بەم شێوەیە پێناسی (کلتوور)یان کردووە: (کلتووری گروپێك کۆی سیستەمی میراتە کۆمەڵایەتیەکانە، کە خەسڵەتی نەژادی و ڕەوتی مێژوویی گرووپەکە، مانایەکی کۆمەڵایەتی پێ بەخشیوە).(ئاشوری ،2013 ، 30 )

هەندێکی دیکە دەڵێن (کلتوور):(کەلتوور ئەو شتەیە، کە لە پێشینانەوە بۆمان جێماوە،لە ئێستا و لە داهاتووشدا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە).(ئاشوری ،2013 ،31).

نووسەری دیکەش هەیە دەڵێت:پێناسەی تەواو پڕ پێستی کلتوور بریتییە لە:(ڕەفتار و هەست و بڕی پەروەردەکراو یان فێربووی تاك لەناو کۆمەڵگەدا هەروەها نموونە و شێازی ئامانجە عەقڵی و کۆمەڵایەتی و هونەریەکانە کە، کۆمەڵگەی مرۆیی لە ڕەوڕەوەری مێژوویدا لە خۆیان نیشانداوە). (ئاشوری،؟ ،37).

هارت و پانزەریش دەڵێن:(کلتوور بریتییە لە نموونەکانی کردەوە، کە لە ڕێگەی فێربوون یان لە ڕێگەی چاولێکەریەوە گوازراونەتەوە و بەدەست هاتوون یان بریتییە لە هەموو نموونەکانی ڕەفتار کە بەشێوەی کۆمەڵایەتی وە دەست هاتوون و بە شێوەی کۆمەڵایەتی دەگوازرێنەوە.)(ئاشووری، ؟ ،57).

ئەم پێناسانەی جەخت لەوە دەکەنەوە ،کە کلتوور:-

1. نموونەی ڕەفتارەکانی پێشووی کۆمەڵگەن.
2.کاریگەریان لە ئێستا و لە داهاتووش هەیە.
3.بۆماوەیی نییە کە بۆمان مابێتەوە بەڵکو لە دەوروبەری خۆمان وەرمانگرتووە.
4.لە ئێستا و لە داهاتووشدا دەمێنێتەوە بەشێوەی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی وە دەست هاتوون و دەگوازرێنەوە.
5.میراتێکی کۆمەڵایەتییە.
6.هی گرووپێك و نەتەوەیەکە شێوازی ژیانی لەسەر بنیاتنراوە.
7.لە داهێنانی عەقڵی و هونەری مرۆڤە.

ئەگەر ئاوڕێك لە کلتوور بدەینەوە دەبینین بە چەندین شێوەی جیاواز لە فەرهەنگەکاندا هاتووە:

بە واتای فەرهەنگ

بە واتای ئەدەب

بە واتای عەقڵ و هۆش

بە واتای ئەدەب و زانست

بە واتای عەقڵ و ئەدەب

کەواتە کلتوور بە واتای چاك پەروەردەکردن،گەورەیی،لەسەرخۆیی،حیکمەت،هونەر،زانست و زانیاری،چەندین زاراوەی دیکەی بۆ دانراوە. لای نووسەرانی خۆیشمان هەیە، دەڵێن:(کلتوور بریتییە لەو ڕێسا و یاسایە کۆمەڵایەتیانەی ژیانی باب و باپیرانمان ،کە

لەسەری ڕێککەوتوون بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کردنی ئەرك و مافی تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ڕەگەزی نێر و مێ و تەمەنی لاو و پیر و منداڵ. هەرچەندە ئەمە هەمووی کلتوور ناگرێتەوە ،چونکە بە قەد جیاوازی کۆمەڵگەکان جیاوازی کلتووریش هەیە. چونکە جگە لە سیما سرووشتییەکان ئەوەی کۆمەڵگەکان لێك جیادەکاتەوە، جیاوازی کلتوورە.)(شوانی، 2010: 53 ). هەر بۆیە لە زانستی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژادا ، زانستێك خۆی دەنوێنێ ، کە پێیدەوترێ ( ئەتنۆگرافیا ) ئەم زانستەش (وەسفی کلتووری گەلێکی دیاری کراو دەکات بە کێشانی وێنەکی ورد لە بارەی ڕێگەی ژیانیان و سستەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەش لە سایەی توێژینەوەیەکی بە دوای یەك داهاتوو لە چوارچێوەی زەمەنێکی دیاری کراودا .) (ڕێپین ڕەسوول ،2004: 152) هەرچەندە ئەتنۆگرافیا زیاتر بە واتای کلتوور و کەلەپووری ماددییەوە دێت ، کە کێشانی وێنەیەکی وردە لە بارەی ڕێگەی ژیانیان و هونەرە دەستکردەکان و بەمەش ڕێگەی ژیانیان و سستەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەلێکی دیاری کراو لە چوارچێوەیەکی زەمەنیدا بەدیار دەخات. هەر بۆیە لە فەرهەنگدا هاتووە ، کە دەڵێت : (دەکرێت کلتوور بە ڕێبازی ژیانی کۆمەڵێك یاخود تاکەکانی کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراو پێناسە دەکرێت ، بەمەش بەرهەمی ئەو شتانە دەنوێنێ ، کە تاکەکانی ئەم کۆماڵگەیە فێری بوون. شێوازی ژیان و مەعریفە و ئایدیا و شێوازە فیکریەکانیان و بیروباوەڕ و بەهاکانیان لە خۆدەگرێ لەگەڵ ئەو شێوازە ڕەفتاریانەدا ، کە کارلێك و هونەرەکانیاندا بە کاریان دەهێنن ، هەروەها هەموو ئەو ئامێر و ئامرازانەی بە کاریان دەهێنن لە تێرکردنی پێداوستییەکاندا بە کاری دەهێنن و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییە سروشتییەکاندا و سوود لێوەرگرتن و کۆنترڵ کردنی. کلتوور لە دروستکراوی مرۆڤ نییە بە تەنها بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر بەشێوەیەکی ئەندامی و ئینفعالی و فیکری پێك دەهێنێ لە نموونەی شێوازی دانیشتن و نەریتی نووستن و شێوازەکانی بیرکردنەوە و دەرکردنی جیهانی دەرەکی و ڕێبازەکانی گوزارشت کردن لە هەست و نەستەکان کلتوور سنوور بۆ هەڵس و کەوتی تاکەکان دەکێشێ جۆرێك لە ئازادیان دەداتێ لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا.) ( میراودەلی، 2007، 77). بەڵام گشتگیرترین پێناسە تاوەکو ئێستا یەکەمین پێناسە ئەوەیە، کە لەلایەن زانای بەریتانی ( تایلەر ) لە ساڵی ( 1871)ز پێشکەش کراوە بۆ کلتوور، کە بریتییە لە ( گشتگیرێکی ئالۆز لە زانست و زانیاری و هونەر و هزر و بیرو باوەڕ و یاسا و ئەخلاق و داب و نەریت و هەموو ئەو توانایانەی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگە وەردەگیرێت. ) ( زێباری ، 2012، 127) ، کەواتە ئەو پێناسانەی کراوە لە لایەن فەرهەنگ و زانایانی جیهانی بۆ کلتوور ئەوەیە ، کە زۆربەی زۆریان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەوا کلتوور کۆی ئەو شتانە دەگرێتەوە ، کە مرۆڤ بەرهەمی هێناوە لە شتی ماددی و مەعنەوی بە دەست هاتوو لە لایەن مرۆڤەوە و شتی داکراو لە هزر و مێشکی مرۆڤەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەمەش خۆی جیادەکاتوە لە یەکێکی دیکە.

## 2. گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا:

کۆمەڵی کوردەواری لە ڕابردوودا، بایەخێگی زۆری بە پەروەردەی منداڵ و هەرزەکاران داوە، تا ڕادەیەکی زۆریش لە ڕاستی هەست و نەستیان ئاگاداربوونە، وەك پێویست مامەڵەیان لە گەڵدا کردوون وەك هێما و ڕەمزی جوانی و ڕاستگۆیی و پشت ئەستووری و پاك و بێگەردی و هیوای دواڕۆژ تەماشایان کردوون. منداڵ و هەرزەکاران کە لە دایك دەبن هیچ شتێك لە نەریت و بیر و باوەڕ و چارەنووس لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتووە.بەڵکو لە دەوروبەری خۆی بەدەستی هێناوە و بە تێکەڵبوون و سروشت و دەوروپشتی خۆی کەسایەتی خۆی پێ دروست دەکات و داهاتووی خۆشی دیاری دەکات.هەروەك دەڵێن: گەورە ئاو دەڕژێنی و بچووك پێی تێدا دەخات.یاخود دەگوترێت: دار بە تەڕی دەچەمێتەوە. گومانیش لەوەدا نیە کە پەروەردەی نوێش جەخت لەوە دەکاتەوە تیۆرەکانیش لەسەر ئەو بناغەیەدا بنیاتنراون.

هەربۆیە بەشەکانی فۆلکلۆریش لە پەند و قسەی نەستەق و ئەفسانە و هەقایەتەکانیش دەبینین هەمیشە هەوڵ و تێکۆشان و کۆڵنەدان و پشت بەخۆبەستن و کارکردن و بەدەست هێنانی ماف و ئامانجەکان و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و ئاشتی و خۆشەویستی دژی بەرەی تاریکی و ناپاکی و زۆرداری و شەڕخوازی بووە. هەربۆیە بەرێزەوە سەیری منداڵ و هەرزەکاریش کراوە و گرنگی تەواویان پێداون، و وەك هیوایەکی دواڕۆژی ئەو میللەتە سەیریان کردوون بۆ ئەوەی ببنە پەنا و سێبەر و پشتیوانێکی بەتین بۆ گەلەکەیان، گەلەکەیان لە باری شەڕ و شۆڕ و نەهامەتی و کوشتن و برین و تاڵان ڕزگاربکەن. کۆمەڵگەی کوردەواری لەو بارەیەوە هیچ درێخی لە بواری پەروەردە و فێرکردن نەکردووە و چەندین شیعر و لاووك و ستایش و پیداهەڵگوتن بۆیان هۆنیوەتەوە. بە تایبەتی لە حەکایەتەکانیش گرنگی زۆری پێدراوە چونکە چ گەورە ، چ بچووك حەز و ئارەزووی هەیە شت فێربێت و سەرچاوەیەکی گرنگی تێرکردنی منداڵ و گەورەشە. هەست و سۆزی پێی دەجووڵێ و گرنگی پێ دەبەخشێت لە وەفاداری و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و سۆز خۆشەویستی و ئەوین و دڵداری......هتد.

شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ لە کەلتووری کوردەواریدا:

منداڵ لەو ساتەوەی کە دێتە سەر ئەم دونیایە و دەچێتە سەر لانك و بێشەی کوردەواری و گوێیەکانی ئاشنا دەبێت بە لای لایە و گـۆرانی فۆلکلـۆری تـایبەت بە منـداڵانی کـوردەواری و بەمەش دایـك هەسـت و سـۆزێکی تـایبەت دەبەخشـێتە منـداڵەکانی و کاریگەریەکی باش جێدێهێڵێتە سەر پێگەیاندنی کەسایەتی و تەندروستی و دەروونی بەوەی کە هەست بکات دایك هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆی پێ دەبەخشێت. دایك پێویستە منـداڵەکانی لە ئـامێز بگرێـت و ماچیـان بکـات کە بێگومـان کـاریگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی و پەروەردەیان دەبێت. هەروەها ناوەناوە پێویستە لە ماڵەوە یاخود لە شوێنێکی گشتی یاریـان لەگەڵ بکەیـت بـۆ ئەوەی لە ڕووی زمان و جەستەوە پەروەردەیەکی تەندروسـت وەربگـرن، و هەسـت بەوەش بـکەن کە کەسانێك لە دەوروبەریانـدا هەن کە یارمەتیان دەدەن و هەوڵیان بۆ دەدەن بۆ ئەوەی ئاگاداریان بن و پەروەردەیان بکەن بۆ داهاتووی خۆیان.

بۆ ئەوەی منداڵ هەر لە بەردەوامی گەشەکردنیدا هەست بە بوونی خۆی بکات دەبێت بە شێوەیەکی جوان لەگەڵیان قسە بکەین و بیانهێنینە دوان بۆ ئەوەی زمان پاراو بن و بە جوانی قسە بکەن و دووره پەرێز نەبن و بیر و هۆشیان بە کەلتووره دەوڵەمەنـدەکەی خۆمان دەوڵەمەند بکەین و و هەوڵبدەین بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێوان منداڵە کوڕ و کچەکانی خۆمان نەکەین و بـۆ ئەوەی کاریگەری نەبێت بەسەر بیر و هۆش و هزری منداڵەکانمان.یارمەتیان بـدەین لە کرینـی ئەو کەل و پەل و ئـامرازانەی کە مێشـکیان دەوڵەمەند دەکات وپەروەردەیەکی تەندروست وەردەگرن و داهاتوویان ڕۆشن دەکەنەوە.

ئەو چیرۆك و باسانەش سەرکەوتوو دەبن بۆ منداڵەکان ئەگەر لەسەر زمانی ئاژەڵان بووترێت و بنووسرێت.منداڵ بە گشتی هەموو ئاژەڵێکی خۆشدەوێت دوای ئەوەی کە ترسی لێ شکا و حەز بە بینیان دەکات جا بۆ ئەوەی خزمەتێکی باش و پڕ سوود بە پێشکەش بە منداڵەکانمان بکەین ئەوا دەبێت منداڵ بپارێزرێ، ڕێی پەروەردە و خوێندنی بێت و ئاگاداری تەندروستی بکرێت لە ژێر سێبەری ئازادی و سەربەستی و ئاشتیدا گەشە بکات و هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونیەوە ناو نەژادی دیـاری بکرێـت و لە خـۆراکی تەواو لانە و بان و وەرزش و خزمەت بێت و بێ بەش نەبێت. لە تەنگانەدا یارمەتی و بەزەیی و دەستی بۆ درێژ بکرێت.دنیایەکی پڕ خۆشەویستی و ئاسایشـی بـۆ بهێنرێـتە کـایەوە تـا بە دڵنیـایی تیایـدا گەورە بێـت. پشـت گـوێ نەخرێـت و دڵڕەقـی بەرامـبەر نەنوێنرێـت و نەچەوسێنرێتەوە و ڕەفتاری وای بەرامبەر نەکرێت کە بۆنی جیاوازی لێ بێت. بانگی ئاشتی و لێبووردن و دۆستایەتی نێـوان گەلانـی بە گوێدا بدرێت . (ڕەمەزان، 1984: 8)

**3. منداڵ و چیرۆکی منداڵان:**

گومان لەوەدا نییە کە هەموو زانایانی دەروونە و کتێبەکانیـان جەخـت لەوە دەکەنەوەکە دوو شـتی زۆر گرنـگ هەیە کە کـاریگەری تەواوی لەسەر ڕەفتار و سلوکی منداڵ هەیە کە تاوەکو هەرزەکاریش دەبێت کە ئەوانیش:یەکەمیـان بۆمـاوەییە، کە ئەگەر هـات و دایك باوك و کەسە نزیکەکانی شەڕانگێز بن،ئەوا بێگومان ڕەنگ وکاری دەبێت لەسەر لادانـی سـلوك و ڕەفـتاری منـداڵ.دووەمیان دەوروبەر و ژینگە کاریگەری تەواوی لەسەر سلوك و ڕەفتاری منداڵ هەیە، چـونکە ئەو دەوروبەرە زۆر گـرنگە کە ئەو منـداڵە یـان ئەو هەرزەکارە لە ژینگەیەکدا بێت کە پڕ بێت لە ئاشووب و شەڕانگێزی و نـادادپەروەری و پاشـاگەردانی ئەوا بێگومـان کـاریگەری لەسەر ڕەفتار و سلوکی منداڵەکە دەبێت .

**3.1. چەمك و پێناسەی حەکایەت :**

لای زۆربەی توێژەران هەردوو چەمکی چیرۆك و حەکایەت بەکاردەهێنرێن و تێکەڵـی یەکـتری دەکەن و جۆرێـك سەرلێشـێوان لای خوێنەر دروست دەکات، چونکە لە ڕاستیدا دوو چەمکی زۆر جیاوازن، کە دەڵێن حیکایەت یاخود هەقایەت مەبەست زیاتر لێـرەدا بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرەکەیە و سەر بە فۆلکلۆرە، بەڵام چیـرۆك وەك چەمکێکـی تـازە و تەکنیکـی تـازە سـەر بە ژانـرە گەورەکەی ئەدەبی پەخشانە، بۆیە وا باشترە کە قسەمان لەسەر فۆلکلۆر بێت ناوی بنێین حەکایەت، بەڵام ئەگەر قسەمان لە هـونەری تـازەی چیرۆك بێت هەر چەمکی چیرۆك بەکاربهێنین.زۆر لە توێژەران پێناسەی ( حەکایەت) یان کردووە، هەیە دەڵـێ حەکـایەت ( بـریتییە لەو ڕووداوانەی، کە حیکایەتبێژ بۆ کۆمەڵێك لە بیسەران، بەشێوەکی زارەکی دەگێڕێتەوە یـاخود دەکـرێ بڵێـین حەکـایەت بەمانـای گێڕانەوەی ڕووداوی سەیر و سەمەرە و جوان و پڕ سوود دێت، کە بە زمانێکی سادە و ساکار دەردەبڕێت و مەبەستێکی دیاری کـراو دەگەیەنێت. ( جەوهەر ، 2006: 4 ).

لەم پێناسەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە حیکایەت بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە و بێ خاوەنە واتە میللەت تێکڕا خاوەنیەتی گێڕانەوەش دەستێکی باڵای هەیە لە ڕوون کردنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کەسەکاندا بە تایبەتی پـاڵەوانەکەدا تێـدەپەڕێت لە گێڕانەوەشدا زمانی ئاسایی خەڵك بەکار دەهێنێ هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی خەڵك تێدەگەن و بەزوویش بڵاودەبێـتەوە و گەورە

و بچووك، ژن و پیاو وەك یەك وەری دەگریّ. یەکێکی دیکە دەڵێ: حەکایەت (یەکێکە لە هونەرە میللیە ناسراوەکان، داهێنانێکی سەر زاری میللی کوردییە، هونەرێکی پەخشان ئامێزە، پەرەگرتنی ڕووداوەکان ڕەنگ تێدەداتەوە و دەگێڕدرێتەوە و پێچەوانەی گۆرانییە و بابەتەکانی ئەم حیکایەت و ڕازانە لە ڕووداوی سەرنج ڕاکێش و ئاسایی دەدوێن. هەندێك جار ڕووداوی فرە ترسناك یان فرە دڵخۆشکەرە. ئەم ڕووداوانە سروشتێکی سەرچڵانە دەگرنە خۆ. ئەم جۆرە حیکایەتانە بەختەوەرانە تەواو دەبێت. ( ناهیدە ، 2005: 35 ).

ئەگەر سەنج لەم پێناسانەی سەرەوە بدەین ئەوەمان بۆ دەردەکەویّ، کە حەکایەت هونەرێکی میللیە و میللەتیش خاوەنیەتی هونەرێکە بە پەخشان دەگێڕدرێتەوە و گێڕانەوەی ڕووداوێکیشە یان چەند ڕووداوێك کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشیّ. بۆیە ئەم پێناسەیە حیکایەتی ئەفسانەییش لە خۆ دەگریّ کە لە ڕاستیدا لەگەڵ حەکایەتی واقعیدا زۆر جیاوازە ئێمە لێرەدا لەم توێژینەوەدا زیاتر مەبەستمان حیکایەتی واقعییە نەوەك ئەفسانە و بە کۆتاییەکی بەختەوەرانەدا کۆتایی دێت.

حیکایەتەکان بە پێی تەمەنیش دابەش ئەم جۆرانەی خوارەوە دەبن :

حیکایەتەکانی تایبەت بە منداڵان

حیکایەت تایبەت بە مێردمنداڵان

حیکایەت تایبەت بە گەوران

حیکایەتەکان بە گوێرەی ڕەگەزەوەش بۆ کوڕان و کچانیش دەشێن. ( ناهیدە ، 2005: 28).

بنیادی حەکایەت لەسەر سیّ بنەما دادەمەزریّ، کە ئەوانیش: ( دەستپێك ، ناوەڕۆك، کۆتایی پێهێنان ) مەبەست لە دەستپێك ئەوەیە، کە ڕاتبکێشێتە ناو حیکایەتەوە یان جیهانی حەکایەتەکەوە کۆتایی بە واتای بەتاڵ کردنەوەی ئەو هەڵچوونانەی کە لە حیکایەت و گێڕانەوەی دروست دەبن. ناوەڕۆکیش: ئامرازێکە بۆ بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوە لە نێوان ڕووداوی حەکایەت و کەسایەتیەکاتەوە یان لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ) ( احسان ، 2005: 62).

بنیاتی حەکایەت بە شێوەیەکی گشتی لەم بنەمایانەی سەرەوە پێك دێت. بەشێوەیەکی هونەری وەردەگیریّ هەروەك چۆن پەخشانێکی هەنەری دەنووسریّ دەبێت ئاگاداری ئەم جۆرە بنیاتە بێت و وەك زنجیرە بەدوای یەکتردابێن، کە ئەمەش سروشتی ڕووداوی حەکایەتەکانە کە حەکایەتخوان دەستبەرداری نابێت و کاتەکان تێك ناشکێنن. هەروەك دیارە لە حیکایەتەکاندا بە پێشەکیەکی کورت دەستپێدەکات و چەند وشەیەك بەیەکەوە گریّ دەدرێن وەك دەڵێ: هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو کەس لە بەندە ڕووڕەشتر نەبوو.......... یاخود حیکایەتەکە بە قفڵێك کۆتایی دەهات هەروەك دەڵێ:

چەپکیّ گوڵ و چەپکیّ نێرگز

مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز

یاخود دەڵێ: منیش هاتمەوە هیچیان نەدامیّ ،

یان دەڵێ: کەوشم دڕاو هیچم پیّ نەبڕا .

(هەموو حیکایەتێکیش ناونیشانێکی هەیە کە ڕەگەزێکی زۆر دیاری ناو حیکایەتەکانە زۆر جاریش ناوی پاڵەوانێك یاخود کات و شوێن یان ڕووداوی حەکایەتەکە دەکرێتە ناونیشان و ئەم ناونیشانە زۆر جێگیرە و بەکەمی دەگۆڕێت ) ( جەوهەر ، 2006: 9 ).

هەروەها هەندیّ جار حیکایەتخوان بۆ ئەوەی خەڵکەکە بێزار نەبن وەستانێك دەکات و دەڵێ: لە بیرم چوو ئەوەتان پێبلێم بۆیە هەندیّ جار دەکەڕێتەوە دواوە و فلاش باکێك دەکات. یاخود دەڵێ : ئۆ باڵ بە ملی ئەو کەسەی کە بۆی گێڕاومەتەوە. هەندیّ جار حیکایتخوان ڕێگە بەخۆی دەدات کە یەکێك لە ئامادەبووان بکات بە کەسایەتی ڕۆڵێکی گرنگی پیّ ببەخشیّ. هەروەك بە دیار دەکەویّ کە ئەمە جۆرێکە لە تەکنیکی حەکایەت ئەمە و سەرەڕای ئەوەش لە حیکایەتەکاندا تەکنیکی (پچڕان ، گرێدان، کورت کردنەوە) بەکار دەهێنرێت هەروەکو لە پچڕان نموونەمان بۆ هێنانەوە. گرێدانیش ئەوەیە کە حیکایەتخوان چەند ڕووداوێك بەیەکەوە گریّ دەدات و جاری واش هەیە ڕووداوەکە کورت دەکاتەوە لە هەموو کاتێکیشدا پاڵەوان ڕۆڵی خۆی تێدا دەگێڕیّ و کات و شوێن بە جوانی بەدیار دەکەون چونکە دوو ڕەگەزی زۆر گرنگی حیکایەتن. حیکایەتەکان لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە ڕەنگبیّ ( ناوەڕۆکێکی خوڕافی و ئەفسانەیی هەبێت یاخود کۆمەڵایەتی و مێژوویی، یان مۆرکێکی بایۆگرافی هەبێت بۆ کەڵە پیاوانی مێژوو، کە باس لە ئەزموون و هەڵوێستیشیان دەکات لە ژیاندا ، و حیکایەت کەسایەتی جۆراوجۆر وەردەگریّ وەك کەسایەتی مرۆڤ، گیانەوەر ، باڵندە بە چاك و خراپیانەوە بە ژن و پیاوەوە بە گەورەو بچووکەوە. حەکایەتی میللی لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەدەبی منداڵان دادەنریّ و پشتی پیّ دەبەستریّ و خەیاڵات و زانیاری پیّ دەوڵەمەند دەکات. مەبەست لە چیرۆك و حەکایەتی میللی هەموو ئەو دارشتە و نموونانەی لە حەکایەتی میللی نووسراو و لە دەم وەرگیراو دەگێڕێتەوە کە نەوەکانی ڕابردووی دوور بەجێیان

هێشتوون کە ئەمەش چیرۆکە شیعر و دلێری پاڵەوانەکان و سروود و گۆرانی و ئەفسانە کۆنەکان و گۆرانییە میللییەکان و حەکایەتی گیانداران و خێزانی و سۆزداری دەگرێتەوە. ( احمد ، 2006: 227) .

حەکایەتەکان سادە و ساکاریان بەسەردا زاڵە بەنسبەت هەموو جۆرەکانی دیکەی چیرۆك بەڵام سادەیی چیرۆك مانای ئەوە نیـیە لە واتادا زۆر لاوازە بەڵکو لە واتادا ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند و قووڵی هەڵگرتووە. هەروەها سادە و ساکاری لە شێواز و زمان و بنیـاددا دەردەکەوێت. لە زمانیشدا ئەوەندە ئاڵۆز نییە و لە شێوازدا ڕوونی و جوانی شێواز بە سەریدا زاڵە و درێژ دادڕ نییە.

(حەکایەتی میللی ئەو چیرۆکەیە کە خەیاڵ دەیچنێ لە بارەی ڕووداوێکی مێژوویی یاخود پاڵەوانێك لە دروست کردنی مێژوو گەلێـك لە گەلەکان لە نیشـانەکانی حەکـایەتی میللـی بـریتییە لە ڕەسـەنایەتی، ڕاسـتگۆیی، کـۆمەڵی و پێشـکەوتووتوویی یە. ڕەسـەنایەتی و پێشکەوتوویی ئەمە دەنوێنێ کە هەموو گروپێك لە کۆمەڵگەدا چیرۆکی خۆی هەیە کە تەعبیر لە بیر و سۆز و خەیـاڵی کـۆمەڵگە کە خۆی دەکاتەوە بە گشتی، بەڵام ڕەگەزی ڕاستگۆیی بە واتـای ئەو چیـرۆکە لە حەقیقەتێکـی ڕاسـت و دروسـت وەرگیـراوە، پـاڵەوان کەسێکی ڕاست و بنچینەیەکی مێژوویی هەیە. واتای کۆمەڵیش: ئەوەیە کە حیکایەتەکە دانەرەکەی نادیارە و حەکایەتیش بۆ منداڵان نانووسرێ تەنیا ئەوەنەبێت کە تاڕادەیەك سادە و ساکار و کورت بکرێتەوە بۆ ژیان.) (احمد ، 2006: 227)

**3.2. ڕۆڵی قوتابخانە لە ئاڕاستەکردنی ئەدەبی منداڵان و هاندانی:**

قوتابخانە بریتییە لە ژینگەی دووەمی منداڵ چونکە کاتێکی زۆر لە ژیانیدا لەوێ بەسەردەبات و چەندین پۆلی پەروەردە و چەندین زانسـت و زانیـاری وەردەگرێـت. هۆکـار و فـاکتەرێکی جەوهەریـیە لە پێکهـاتەی کەسـێکی تـاك و تەقـدیری ئاڕاسـتە و ڕەفتار و پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر. قوتابخانە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی فەرمییە کە بەکار و ئەرکی پەروەردە و گواسـتنەوەی کلتوور و ڕۆشنبیری پێشکەوتوو هەڵدەستێ. کاتێك منداڵ لە قوتابخانەدەسـت بەکـار دەبـێ بەمەش هەنگـاوێکی تـاڕادەیەك باشـی بڕیوە بە گەشەی کۆمەڵایەتی لە ناو خێزاندا دەچێتە قوتابخانە و چەندین پێوەری کۆمەڵایەتی و بەها و ئاڕاسـتەکان بڕیـوە و وەری گرتووە. قوتابخانە بازنەی کۆمەڵایەتی فراوان دەکات، چونکە تێکەڵی چەند کەسـانی تـازە دەبێـت لە هاوڕێیـان و چەنـدین پێـوەری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك وەردەگرێ و فێری چەندین ڕۆڵی نوێ دەبێت. کاتێك ئەرك و مافەکانی خۆی جێ بەجێ دەکـا و شێوازی کۆنتڕۆڵ کردنی هەڵچوونەکانی دەکات هاوگونجان لە نێوان پێداوستی ئەو و پێداویستی ئەوانی دیکە ، هەروەهـا فێـری هاوکاری و ڕێك کاری لە ڕەفتاردا دەبێت. هەروەها لە قوتابخانەدا هەڵسوکوت لەگەڵ مامۆستاکاندا دەکات وەك قودوەیەکی نـوێ و نموونەیەکی ئایدیالی و زانست و ڕۆشنبیری زێدەتر دەبێت و کەسێتی پەرەدەسێنێ و گەشە دەکات لە هەموو بـارێکەوە.، احمـد، 2006،227،).

بۆ نموونە لە حیکایەتی (گورگ و سەگ) دا دەڵێت:

ڕۆژێکیان سەگێك دەڵێت: وا باشە بای پێی خۆم بدەم و هەندێك گەڕان و سووڕان بکەم بەناو ئەو شـاخ و چیـا و چـۆڵە و بـزانم هاوڕەگەزەکانم چۆن دەژین و چی دەخۆن و لەگەڵ سەرما و گەرمـا چۆن.چـاوی بە گورگێـك دەکەوێـت ، گـورگە پێـی دەڵێـت: وا دەبینم زۆر قەڵەوی و گوراحت خۆشە،هەر دەڵێی لە ماڵە پاشایان دەژی؟، سەگە وەڵامی دەداتەوە و پێـی دەڵێـت: بەڵـێ هەرچـی بەرماوە هەیە،لە کۆشت و ئێسکی زۆر و زەبەندە بۆ من دەمێنێتەوە و دەیخۆم.گورگەکە گوێی لەو قسانە دەبێت و لیکاو بەدەمیدا دێتە خوارەوە.سەگەکە پێی دەڵێت تۆش دەتوانی لەگەڵ مندا بیت و لەگەڵ مندا بژیت و واز لەو ڕەفتارەی خـۆت بهێـنە و کـارێکی ترت بۆ بدۆزمەوە، ئەویش گوتی:ئەو کارە چییە؟ پێی گوت: هەر کات خاوەنەکەت هاتە لات کلکی بـۆ بلەقێـنە و هەر چـوار پەلـت بگەیەنە بەر زەوی. گورگەکە گوتی:ئەوە ئاسـانە. سـەگە ووتی:بەڵـێ ئاسـانە هاوینـان لەبەر سـێبەر و زسـتانان لەجێـی گەرم و گـوڕ خواردنی باش و ئاوی خاوێن.کە ڕۆیشت گورگە چاوی بە زنجیر کەوت لەملی سـەگەکەیە، گـوتی:ئەم زنجیـرە چییـە لە ملـت؟ چـما دەتبەستنەوە؟گوتی: بەڵێ دەمانبەستنەوە. گوتی: ئەی پاسەوانی ئەوان ناکەین چ پێویست دەکات بمانبەستنەوە.سەگەکە گووتی: بـۆ ئەوەی نەچینە ماڵان و ئازاری کەس نەدەین. گورگە گووتی:برای هاوڕێم ،برسێتی و سەرما و سۆڵە و ئازادیەکەم زۆر لەو ئێریەی تۆ باشترە.وا چاکە هەر ئێستا بگەڕێمەوە نەوەك وەك تۆ زنجیر لەمل بکرێم و ملکەچی ئاغا و چەلاوخـۆر و ناپیـاوان بم.ئیـتر گـورگە گەڕایەوە سەر داب و دەستووری خۆی و غاری دا و لەو ساوە هەر غارە غاریەتی.بۆیە ئەو حیکـایەتە ڕەفتار و سـلوك و بۆمـاوەیی تەوزیف کراوەتە سەر مرۆڤ و گیاندار هەندێکیان لە بۆماوەییەوە بۆمان ماوەتەوە و ڕەفتاریان ناگۆڕێت و مـاڵی نـاکرێن و جـێگەی متمانەش نین بەڵام هەندێکیان ماڵی دەکرێن و ڕەفتاریان دەگۆڕن با گۆشت خۆریش بن و سوود بە مرۆڤ دەگەیەنن.هەر ئەو دوو گیانەوەرە یەکێکیان حەز بەوە ناکات خزمەتی کەس بکات و ببێتە چەلاو خۆر و ئازادی خۆی لە دەست بدات و هەشیانە ئەوە دکات و دەبێتە چەلاو خۆر و خزمەتکاری هەتا پیاوی خراپیش.(گ/ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ. 50، 2011: 171).

لە حیکایەتی (دڵ و زمان) حیکمەتێکی زۆر بەنرخی تێدایە پێویست دەکات منداڵ بیزانێ، هەروەك دەگێڕدرێتەوە:ڕۆژێکیان پاشای شار (لوقمانی حەکیم)ی بانگ کرد و کاوڕێکی دیکەشی دایە و پێی گووت:خراپترین شتی لەشی ئەو کاوڕەم بۆ دەربهێنە، ئەویش دڵ و زمانەکەی برد وە دیسانەوە پاشا کاوڕێکی دیکە دەداتە لوقمانی حەکیم و پێی دەڵێت:باشترین شتی لەشی ئەو کاوڕەم بۆ دەربهێنە، ئەویش دڵ و زمانەکەی بۆ دەرهێنا و بۆ پاشای برد.پاشا زۆر سەری سووڕما و گوتی: من گوتم خراپترین شتم بۆ بهێنە دڵ و زمانت بۆ هێنام وە گووتم باشترین شتم بۆ بهێنە هەر دڵ و زمانت بۆ هێنام.حەکیم لە وەڵامدا گووتی:زمان و دڵ باشترین شتێکن گەر باش بەکارت هێنان.وە خراپترین شتن گەر بە خراپ بەکارت هێنان.هەروەك دەگوترێت:ئەو کەسە دڵی زۆرباشە،دڵی زۆر فراوانە،دڵی پیسە،زمانی پیسە(جوێندەرە)،زمان بەڵای سەرە.بۆیە دەبێت مرۆڤ زمانی بە چاکە بگەڕێت و قسەی ناشرین و پیسی پێ نەکات. هەروەها دڵی لە خێزان و ماڵ و منداڵی خۆی پیس نەبێت و هەردەم دڵ فراوان بێت و لە دڵەوە بەزەیی بە کەسانی هەژار و لێقەوماو و کەسانی لاواز دابێتەوە. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ.37، 2008: 173).

حیکایتێکی دیکە کە گرنگی تایبەتی هەیە کە ئەویش (گورگی پیر)ە ، کە پەند لەوەدایە کە ئازایەتی بەشان و شەوکەت نییە.بەڵکو بە ئازایەتی و چەلەنگی و جورئەت و لێهاتوویيە. باس لەوە دەکات کە گورگێکی پیر بە دیار مێگەلە مەڕێکەوە لێی پاڵ کەوتووە بەڵام گورگە زۆر پیر بووە و هێز و تاقەتی لەبەر نەماوە،بیری لای گەنجێتییەوەیە و بە عادزی لێی پاڵ کەوتووە.لەپڕ گورگێکی لێ پەیدا بوو پێی گووت: ها گورگە پیرە بۆوا بەعادز و غەمباری دەتبینم؟ئەویش دەڵێت: زۆر برسیمە بەڵام تاقەتم نییە لەو مێگەلە مەڕە کاوڕێك بهێنم و بیکوژم و بیخۆم.ئەویش دەڵێت :ئێستا تێر گۆشتت دەکەم، و دەچێت بەلای مێگەلەکەوە دوو سەگی دڕی هاری لێیە و دووری دەخەنەوە لەو مێگەلە مەڕە و ئەویش بە نائومێدی دەگەڕێتەوە لای مام گورگی پیر،دوای ئەوەی گورگێکی دیکەی لێ پەیدا دەبێت ئەویش بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوە.هی سێیەمیان (ڕووتەی کلك خوار)ە کە کاوڕ و بەرخێکی بۆ هێنان و هەر چواریان تێر و پڕیان خوارد.پەند و عیبرەت لەوەدایە کە مرۆڤ بەرەو پیری ڕۆیشت تاقەت و هێزی جارانی لەبەر نامێنێت.دەبێت پشت بە کەسانی دیکە ببەستێت و خۆی پێیان بژێنێت.بۆیە منداڵان وا پێویست دەکات کە دایك و باوکمان یاخود داپیر و باپیرەمان خزمەتیان بکەین و ڕێزی تایبەتیان بگرین و داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین چونکە ئەوان لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیان نامێننەوە. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ.6، 2004: 139). دەبێت بەشێوەیەك خزمەتیان بکەین کە خوای گەورە پێی خۆش بێت.

حەکایەتێکی دیکە هەیە کە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ منداڵان لەسەر زمانی گیانداران گێڕدراوەتەوە.ئەوەیە کە مرۆڤ نابێت بەفیز و لە خۆبایی بێت و لە هیچەوە بە شان و باڵی خۆیدا هەڵبدات و بێ ئەوەی ئەو فیز و لەخۆباییەی لێ بێت، دەبێت ئەو فیز و لەخۆباییەی بە کردەوە بێت نەك بە قسەی زل و فش بێت کە ئەمە ڕەوشتێکی زۆر باشە کە منداڵ فێری ببێت و بیکاتە شتێکی کرداری بۆ خۆی.لەو حیکایەتەی بە ناوی(ڕێوی گەرمیان و کوێستان)دا دەڵێت: دوو ڕێوی بەیەکەوە لە دارستانێکدا دەژیان و هاوڕێن و یەکێکیان بەوی دیکەیان دەڵێت:باشە ئەگەر تووشی تەنگانەیەك هاتین چۆن ڕزگارمان بێت؟ ڕێوی گەرمیان دەڵێت:من یەك فێڵ دەزانم ئەنجامی بدەم. ڕێوی کوێستانیش بە فیز و لە خۆباییەوە دەڵێت: من سەد و یەك فێڵ دەزانم ئەنجامی بدەم،وە دەڵێت تۆ ئەوەندە لە دارستانی تەنیا یەك فێڵ دەزانی؟ئەویش گووتی بەڵێ هەریەك فێڵ دەزانم. لەپڕ شێرێکیان لێ پەیدابوو و پەلاماری بۆ هێنان.ڕێوی گەرمیان بە ڕێوی کوێستانی گووت کوا فێڵەکانت ڕزگارمان بکەیت.ئەویش پێی گووت: وەڵڵا هەموویانم لە بیر کردووە. ڕێوی گەرمیانیش هەر تەنها یەك فێڵی دەزانی و توانی شێرەکە ڕازی بکات و هەردووکیان ڕزگاریان ببێت.(گ/ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ29 ،2007: 178).

کەواتە مرۆڤ چەند بەهێز و بەتوانا بێت گەر عەقل و هۆشی نەبێت ئەوا چەند لە سەرکەوتن نزیك بێتەوە هەر بە شکستخواردوو دادەنرێت. زۆرکەس وایە کە تووشی ترسێکی زۆر دەبێت، زۆر غەلەبەی لێ دەکات و هیچی لەبیر نامێنێتەوە بۆیە شانازی بەوە نەکات کە هەموو شتێك دەزانێت.

حەکایەتێکی دیکە لەو حیکایەتانەی خۆمان هەر سەبارەت بە فرت و فێڵی ڕێوی یە، لەو حیکایەتانەیە کە منداڵان حەزی پێ دەکەن و بۆیان بگێڕنەوە کە مانا و واتایەکی گرنگی هەیە بۆ دنیای منداڵان کە ئەویش بەردەوامی فرت و فێڵی نەگۆڕاوی ڕێوی یە.باس لەوەدەکات کە ڕێوییەیەکی گەڕیدە دەچێتە دەوروبەری (باغەمنارە) بۆ دزینی مریشك.لەناکاوڕا چوار سەگی هاریان لێ پەیدا دەبێت و ها لەوێ ها لەوێ بەدوای دەکەون.ڕێوی دەستە و دوعا (خوایە لۆ خاتری خۆت بەس ئەو جارە ڕزگارم بکەی 4 ڕبە گەنم نەزر بیت لەلای من.کت و پڕ کەروێشکێکی لێ دەرپەڕی و سەگەکان ئاگایان لە ڕێوییەکەی نەما و ڕێوییەکە ڕزگاری بوو.زۆر ماندی بوو لۆێ گووتی با ئیسراحەت بکەم. چووە سەر گردەکی و بیری لە نەزرەکەی کردەوە (پە ە ئەمن و چوار ڕووبە گەنم). و دیسان سەگەکان لەپڕ بە دیارکەوتن و ڕاوی ڕێویان نا و ڕێوی ئاگای لەخۆی بڕا و کەوتە ناو نەعوورێکەوە و خاوەن نەعوورەکە بە نەعوورەکەدا چووە ناو نەعوورەکەوە و دیتی ڕێویەك چاوی کوسکە کوسکێتی و بە ڕێوی گووت:ئەوە چ دەکەی لێرە؟ڕێوی

گووتی:وەڵڵا چوار ڕبە گەنم نەزرم لەسەربوو ویستم دەوری بکەمەوە لەپڕ سەگەکان بەدوام کوتن و ئاگام لە خۆم بڕا و کەوتمە ئێرەوە خاوەن نەعوور گووتی:دەپاڵدەوە هەتا ئیشەکانم تەواو دەکەم و تا سەگەکانیش دێنمەوە ئێرەوە . ئەوسا چارەنووست بەدیاردەخەن.(گ/ئاسۆی فۆلکلۆر ژ32 ، 2007 ،171).

ڕێوی بە فێڵباز ناسراوە و بێ ئەمەکە و ئامانجی تەنها زگ تێرکردنە و ڕۆژێك دادێت ئەو فرت فێڵانەی ئاشکرا دەبێت و تووشی پیاوی خۆی دێت و چارەسەری دەکات.چونکە ژیان بەردەوام ئاوا ناڕوات و تۆ کارێکی خراپت کرد هەر دەبێت تەوبەی بکەی و بۆیە لە کوردەواریدا گوتراوە تۆبەی گورگ مەرگە و بۆیە تۆبەی ڕێوی بووبە مەرگی خۆی. ئەمەش تەوزیف کردنی سیفەتە خراپەکانی ئاژەڵە بەدخووەکانە لەسەر مرۆڤی بەفرت و فێڵ.

لە حەکایەتی (دەنکەهەنارە)ش چەند دەرسێکی گرنگی بۆ منداڵ تێدایە کە لەبەر گرنگی دەیخەینە ڕوو.کچێکی بچووك و زۆر جوان لەگەڵ دایك و باوکیدا دەژیا،کە دایکی نەخۆش دەکەوێت و هەست دەکات لە مردن نزیك دەبێتەوە بانگی دەنکەهەنارە دەکات و وەسیەتی ئەوەی لەلا دەکات کە لە دوای مردنیدا بەو قۆڵەی خۆی کە بڕیبیداتە زڕدایکەکەی پێی لێ بدات.زڕدایکەکە کچێکی دەبێت ناوی (لوتکەقنە) دەبێت کە زۆر ناشرین دەبێت.زڕدایك ڕۆژانە بەو تووروەکەی قۆڵی دایکی دەنکەهەنارەی تێدابوو لە دەنکەهەنارەی دەدا و دەنکەهەنارە پێی باڵاتر دەبوو.بەڵام کە تووروەکە دەگۆڕن بە دارێك ئەوا ئەو کاتە ەنکە هەنارە پێی لاوازتر دەبێت.پاش مردنی باوکی دەنکەهەنارە ،دەنکە هەنارە دەبێت بە خزمەتکار.لەکاتی ئاهەنگ گێڕانی کۆشکی پاشا زڕدایك (لوتکەقنە)ی کچی لەگەڵ خۆی دەبات و دەرگاش لەسەر دەنکەهەنارە دادەخات و دەنکەهەنارە زۆر دەگری و پاشان خەوی لێدەکەوێت و دایکی دێتە خەوی و پێی دەڵێت هەستە بڕۆ چاڵەکە هەڵدەوە هەندێك ئێسك و پروسکی تێدایە لایدە و جلێکی جوانی تێدایە لەبەریکە و پێڵاوێکی تێدایە لەپێی بکە بڕۆرە ئاهەنگی پاشا. لەوێ کووڕی پاشا چاوی پێ دەکەوێت و دڵی دەچێتە دەنکەهەنارە.دەنکەهەنارە کە چاوی بە زڕ دایکی دەکەوێ یەکسەر بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە و تاکێکی پێڵاوەکەی لەپێ دەکەوێت و بەجێ دەمێنێت.کوڕە پاشا فەرمانی دا کە ئەو تاکە پێڵاوە هی کێیە بیدۆزنەوە و بیهێنن بۆ کۆشکی پاشا.لە دواجاردا دەنکە هەنارە دەهێنن و پێڵاوەکە پڕ بە پێیەتی و ئینجا مارەی دەکەن و دەیکەن بە بووك و دەیگوازنەوە بۆ کۆشکی پاشا.

ئەو دەرس و پەندانەی کە منداڵ سوودی لێوەردەگرن ئەمانەی خوارەوەن:

1.نابێت جیاوازی لە نێوان خوشك و خوشك، برا و برا،خوشك و برا،برا و خوشك دا بکرێت،لە لایەن دایك و باوکی ڕاستەقینە بێت یان دایك و باوکی زڕ.چونکە کاریگەری خراپی بەسەر عەقڵ و دەروونی منداڵدا جێ دەهێڵێت.

2.بەخیلی و ئیرەیی بردنە بەر منداڵانی جوانتر لە منداڵانی خۆی لەلایەن دایك و باکی زڕ بێت یان هی خۆی.

3.بێ ڕەحم و بێ بەزەیی نیشان دان لە لایەن زڕ دایك کە ڕۆژانە لە منداڵی زڕ دایك دەدات و ئازاری دەدات.

4.دایك و باوك سەروەتێکی گەلێك بەنرخن بۆ منداڵان بۆیە دەبێت هەتا لە ژیاندا ماون قەدر و ڕێزیان بگرین و دڵیان نەشکێنین.

5.خودای گەورە کەسی بێکەسانە و هەر ئەو فریاد ڕەس و ڕزگارکەری بێکەسانە و هەر ئەوە دەمان حەسێنێتەوە.(گ/ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ.38، 2008: 148).

### 4. هەرزەکار و دەزگا پەروەردەییە کۆمەڵایەتییەکان:

مرۆڤ لە سووڕی ژیانیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، سەرەتا منداڵە و دواتر پارچەرە و دواتر هەرزەکارە و ئینجا بەرەو لاوی و گەنجێتی هەنگاو دەنێت و لە دواجاردا بەرەو پیری هەنگاو دەنێت.

تەمەنی هەرزەکاری لە گرنگترین و مەترسیدارترین ئەو ماوانەیە کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت.ئەو ماوەیەی کە لە یازدە ساڵیەوە درێژە دەکێشێ وهەندێ جار هەتا بیست وچوار ساڵی هەرچەندە پەروەردەکاران دەربارەی ئەم ماوەیە رای جیاوازیان هەیە ، دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە ماوەی هەرزەکاری بە پێی جیاوازی رۆشنبیرییانەی هەرزەکاران تیایدا دەژین درێژە دەکێشێ وکورت دەبێتەوە . (الصواف 2004 : 217).

سەبارەت بە پێناسەی هەرزەکار چەندین پێناسەی لە لایەن زانایانی بواری پەروەردەو دەرروونناسی وبواری بایۆلۆژییەوە بۆ کراوە. بەڵام ئەو پێناسانە لە زۆربەی خاڵەکانیدا هاوبەشن و یەك دەگرنەوە ، هەیانە دەڵێن :

(( هەرزەکاری کۆمەڵێك گۆرانکارییە کە بەسەر کوڕ وکچ دادێ چ لەلایەنی جەستەیی ،جنسی ،عەقڵی یان سۆزداری یان کۆمەڵایەتی ، کەوا لەباری دایە سایکۆلۆجی منداڵ و هەرزەکاری لە ماوەی منداڵییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی گەنجێتی وپیاوەتی ))(الصواف 2004 :217 )

وا دیارە ئەم پێناسەیە ئەو لایەنانەی تێدایە کە وا لە منداڵ دەکات بەرەو هەرزەکاری هەنگاو بنێ کە ئەوانیش یەنی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ..... هەموو ئەو لایەنانەش مەرج نیە کە بەیەکەوە بێن و پرۆسەکە تەواو بکەن بەڵکو هەندێکیان دوادەککەون و هەندێکی دیکەشیان پێش دەکەون . بەمەش چەمکی هەرزەکار و ماوەی دیاری کردنی تارادەدەیەك دەگۆڕێت.

**4.1. خێزان:**

خێزان بەیەکەم دەزگای کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دادەنرێ لە پەروەردەکردنی هەرزەکاردا هەر خێزانە دەستنیشانی ڕەفتارو جۆری ڕەفتاری نەوە لە دوای نەوەکان جێ دێڵێ چونکە لە خێزاندا دایك وباوك هەر لە سەرەتاوە ڕێنمایی منداڵەکانییان دەکەن لە ڕێگەی چاندنی تۆوی بەهاو سیفەتە جوانەکانی و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە ڕەسەنەکانەوە دەبێت ئەویش لە رێگەی ئەو دابوونەریت و بیروباوەڕانەوە دەبێت کە کۆمەڵگە لە سەری کۆکەو بە قازانجی خێزان و کۆمەڵگە دەشکێتەوە . خێزان لە رێگەی دایك وباوکەوە هەوڵدەدات بۆ تێرکردنی زۆربەی ئەو پێداویستیانەی کە منداڵ وهەرزەکارەکانیان پێویستیان پێیانە لە خۆشەویستی و ئاسایش و سۆزو بەزەیی و ......هتد.

**4.2. قوتابخانە:**

قوتابخانەش گرینگیەکی تایبەتی هەیە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ و هەرزەکاران .لای منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی منداڵان زیاتر گرنگی بدەنەپەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دەرەوەی خێزاندا ببەستن . منداڵ لەو تەمەنەی کەدەچێتە قوتابخانە کەمترین تەنگ و چەڵەمەی هەیە چونکە زیاتر هەوڵدەدات خوێندن و نووسین فێرببێت زۆربەی کاتی دڵشاد و بەختەوەرە و کاتەکانی بە خۆشی و شادی بەسەر دەبات .قوتابخانە ڕۆڵی گرنگی دەبێ لە پەروەردەکردنی منداڵ لە ڕووی رەوشت و لەرووی پەروەردەییەوە مامۆستایان پەروەردەیان دەکەن ئامۆژگارییان دەکەن بۆ ئەوەی سوودی خۆیان و کۆمەڵگە کەیان هەبێ و بەرەو پێشکەوتن وئاوەدانییان ببەن . بەڵام قوتابخانە لای هەرزەکار تەنیا تەنگ وچەڵەمە نیە هەروەك لای خێزانەکەی وئەو تەنگ وچەڵەمانە هەستییان پێدەکرێ وەك یاخی بوون و بێزاری چونکە قوتابخانەش سنووری خۆی هەیە وەك خێزان بۆ هەرزەکار بێزاری دەردەبڕێ باس لە هەموو کەم وکورتییەکانی قوتابخانە دەکات بەمەش هەڵدەچێ چونکە ڕەنگە هەڵەی مامۆستا وسزادان و لێپرسینەوەو هەندێ شتی دیکە ببنە هۆی یاخی بوونی قوتابی بەرامبەر بە مامۆستا و قوتابخانە .

قوتابخانە ئەو دەزگا فەرمییەیە کە بە ئەرکی پەروەردەکردن و گوستنەوە ی میراتی کەلەپووری ڕۆشنبیری و دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو بۆ گەشەسەندنی تاك لە هەموو بارێکی جەستەیی ، عەقڵی ، هەڵچوون ، کۆمەڵایەتی هەڵدەسێتێت . قوتابخانە و سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆر گرنگ بوو ، باوك و دایکان ئارەزووی ئەوەیان هەبوو کە قوتابخانە بە ئەرکی پەروەردەکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵ بێت قوتابی تیایدا فێری سلوکی باش و شتی ماددی تازە دەبێت کەلەگەڵ ئاکار و رەفتارەکانی خێزاندا ڕێ بکات . قوتابی لە قوتابخانە فێری زانست و زانیاری دەبێ فێری بیرکردنەوەی زانستی دەبێ لە ژیاندا ، هاوکار دەبێت بۆ گەشە سەندنی جەستەیی منداڵ و هەرزەکار هەروەها فێریان دەکات ڕایان بهێنێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی سلوك و رەفتاریان بۆ ئەوەی کەسایەییەکی جێگیر و هاوسەنگیان پێ دروست بکات ،هەروەها ئەرکی گواستنەوەی کەلەپووری میللیان و پتەو کردنی و جەخت کردنیان لەسەر قوربانی دان و خۆبەخت کردن لە پێناوی نیشتیمان و دروستکردنی هاوڵاتییەکی باش و نمونەیەی . (السامرائی ، 1988 :53 ).

بۆیە ئەگەر قوتابخانە ئامانج و مەبەستی ئەوهابێت ئەوا بێگومان هەرزەکار لەو کێشە گیروگرفتە هەمەجۆرانەی کە هەیەتی تارادەیەك زۆرکەمییان دەکاتەوە لە دوودڵی و شڵەژاوی وڕەخنەگرتن و یاخی بوون و کەللەڕەقی و سەرەڕۆیی ،کە لەچەندین حەکایەتی فۆلکلۆری کوردی رە نگی داوەتەوە بۆئەوەی هەرزەکار بەو گیروگرفتانەی دووربخاتەوە .

**5. کێشە وگیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان:**

کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی گشتی چەندین گیروگرفت و کێشەی دێنە سەر ڕێگەی ژیانییان کە ئەمەش بێگومان ((ئاماژە بۆ ئەو لادانانە دەکات کە لە دەرەنجامی گۆڕانە کۆمەلایەتییەکان دروست دەبن و ئەو دواکەوتنە فەرهەنگییە هاوڕێی دەبێت یاخود ئەوەی لە دەرەنجامی ململانێ ی بەرژەوەندی و بەهاکان ڕوودەدەن )) (میراودەلی، 2007 : 189)

ئەو گیروگرفتانە کۆمەڵێ شتن وەك : خیانەت کردن ، جیابوونەوە ، لێك تێنەگەیشتن ، کێشەی عەقڵی و دەروونی ، ڕق و کینەو ئیرەیی بردن بەیەکتری ، نەبوونی و هەژاری و نەخوێندەواری کەئەمانە هەموو کێشەی کۆمەڵایەتین لەبەردەم پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك . لە بەرامبەریشیان دا کۆمەڵێك بەهای گرنگ کەیارمەتی دەرە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەرەو پێش هەنگاو بنێ . ئەو بەها کۆمەڵایەتییانش (( لەناو کۆمەڵگادا زۆرن ، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێ بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆر جێگەی

گرنگی پێدان و نرخ پێدانییانە و بەرە شێوازی جوانمان دەبات لەژیاندا ئەوە دەستنیشان دەکەن ك کۆمەڵگە کە کۆمەڵگە چ شتێك بۆ خەڵك گرنگە لە رووی ئەخلاقییەوە و چ شتێك دروستە بیکەی ))(محسنی ،2007، 358)

جوانترین کلتووری کۆمەڵایەتی ئێمە و گەلانە ،ئەگەر پابەند بن پێیەوە کۆمەڵگەیەکی جوان و تەندروست پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەین . لەم بارەیەوە حەکایەت گەلێك زۆرن بۆیە ئەو گیروگرفت و کێشانەی دێنە سەر ڕێگەی کۆمەڵگە و لە بەرامبەریشدا ڕەچاوی ئەو بەها جوان و پڕبەنرخ و گرنگانە کە ڕەوتی کۆمەڵگەکەمان دەگۆڕن بەرەو پێشکەوتنی زیاترمان دەبەن ،چونکە ئامانجی سەرەکی حەکایەتەکان بە ڕەسەنایەتی کردنی بەها کۆمەڵایەتییەکانە کە زۆر پابەندن بە کۆمەڵگەوە ، لەبەر ئەوە هەر حەکایەتێك لەو حەکایەتانە مانایەك و جۆرێك لە ڕەفتاری تێدا دەدۆزینەوە کە دەکرێ بیهێنینەدی و لەسەری بەردەوام بین.

**6. گرنگی حەکایەت لە کلتووری کۆمەڵایەتیماندا :**

حەکایەتەکان بەشێکی گرنگ و فۆلکلۆری میللەتەکەمان دەنوێنێت کە سەرچاوەی هۆش وراستی ژیان ودەربڕی واتای جوانی میللەتەکەمان پێشان دەدات شێوازی ژیان دەردەخات . هەر بۆیە کە پەندێك دەهێنینەوە لە هەر هەڵوێستێکی ژیانماندا بێت زیاتر وزووتر وەردەگیرێت ودەچێتە ناو دڵ ودەروونەوە وکاریگەری جێ دێڵێ . حەکایەتەکان بناغەی رەوشت و مەردایەتی دەچێنێت . گەشە بەلایەنەکانی رۆحی وژیری تواناکانی دەدات و منداڵان فێری زمان پاراوی دەکات لە رێگەی ئەو وشەو دەربڕینانەی کە لە حکایەتەکان دەگوترێتەوە . حەکایەتەکان ((باس لە ئەزموونێکی گشتی دەکەن کە ڕۆح و ویژدان وهەستی کۆمەڵ لەخۆ دەگرێ . هەروەها باس لە ئەزموونێکی تایبەتیش دەکات بەشێوەیەك کە ئەتوانێ کاریگەری بخاتە سەر گوێگران ، سەرەڕای ئەوەش کە ڕازیکرنیش لە خۆ دەگرێ ، بەمەش حەکایەت خاوەن ئەو توانایەیە کەمرۆڤ بۆدەربڕینی لەخۆی حەزو خولیا وئاوات و ئارەزووەکانی کەپێویستی پێیەتی)) ( ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ. 22، 2006: 5)

محمد رشید فتاح دەڵێ : ((منداڵ لەبەرگەلێ هۆ چیرۆکی پێخۆشە 1-ئارەزووی شت زانین 2-ئارەزووی منداڵ لەخەیاڵ و پێشبینی کرندا 3- منداڵ گەلێ زانیاری وخورەوشتی چاك و سروشتی ئەو شتانە فێردەبێت و یاساکانی سروشت دەزانێت )) ( فەتاح ،2009، 25: )

بۆ منداڵان شێوازی چیرۆکی سادە گرنگیەکی تایبەتی هەیە و حەکایەتی فۆلکلۆریش بەشێکی گرنگی ئەو جۆرە چیرۆکانەن و لەکاتی خۆیدا بۆمنداڵان گێڕدراونەتەوە ولەکاتی گێڕانەوەشدا دەبێ بەکوردی و بەشێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش بگێردرێتەوە بۆ ئەوەی تام و چێژێکی بەپێزی هەبێت . (( دەبێ پیاهەڵدانی پاڵەوانەکانی نَاو چیرۆکەکە و دیمەنەکانی ناوی وباسی گیاندارەکانی خەست و خۆل وڕەنگێکی ئەدەبییانەی جوانی پێبدرێ . هەروەها زووبەزوو گۆرینی وێنەکانی ناوی منداڵان زیاتر شەیدای ئەو چیرۆکانەن )) (رەمەزان ،1984: 61 )

زۆر گرنگە ئەو حەکایەتانەی بۆ منداڵان دەگێڕدرێتەوە شێوازێکی داڕشتنی سادە وساکاری هەبێ بۆئەوەی منداڵان لە خوێندنەوەی وابکات زووتێی بگات لەدەرەنجامەکەی ئاشنا بێت و سودێکی گەورەیان پێ بگەیەنێت وئەو حەکایەتانەش کەبۆ هەرزەکار وگەوران دەنووسرێ و دەگێردرێتەوە بێگومان چەندین رەوشت و بەهای بەرزی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرین وەك /ئازایەتی و وەفاو بڕوا بەخۆبوون وەرگرتنی چێژو تامی تایبەتی بدات بە منداڵان و هەرزەکاران.

((حەکایەتی گیانداران هەستی منداڵان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ هەردەم تینوێتی زانین و شت فێربوونیان دەشکێنێ سنووری جیهانیان بۆ فراوانتر دەکەن ، ئەم جۆرە چیرۆکانە نەك هەر کات بەسەربردنە و کەش و هەوایەکی خۆش بۆ منداڵان دەڕەخسێنێ ، بەڵکو ئامانجی پەروەردەکردنیشیان هەیە لە هەریەکێکیان (پەند وحیکمەت ) ێکی تێدایە و منداڵ بێئەوەی هەست بەخۆی بکات ئەو پەند و حیکمەتە دەگرێتە خۆی و سوودیان لێوەردەگرێت و بەردەوام لە حیکایەتدا چاکە بەسەر خراپەدا زاڵدەبێ و دادپەرەری بەرقەرار دەبێ . هەربۆیەش حەکایەت ژانرێکی سەرەکی ئەو بەرهەمانەن کە گەورەکان بۆ منداڵانیان داناوە )) ( ناهیدە ، 2005 : 41 )

د.ئەورەحمان دەڵێ : فۆلکلۆری کوردی رووی گەلێك لە ژیانی کوردەواری گرتۆتەوە ، وەك سۆزو خۆشەویستی ، نیشتیمانپەروەری و شەرەف و باشی و چاکی خێزان و پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەباشترین خورەوشتی باب و باپیران میوانداری ڕێزگرتن و دڵپاکی و راستگۆیی وئەمەك و وەفا و دڵسۆزی لە ئەوین ودڵداری راست لە دۆستایەتیدا و وئازایەتی و قارەمانییەتی و گەلێك خاسیەتی دیکە لە فۆلکلۆری کوردی بەدی بکرێن . (ئاسۆی فۆلکلۆر ،ژ10، 2005).

نموونەی کلتووری کۆمەڵایەتی، کەزیاتر بەرەو هەرزەکاری و لاوانی تازەپێگەیشتوو دەگەڕێتەوە هەروەك لە حەکایەتی (وەسیەت) دا دەردەکەوێ ، کەباس لە وەسیەتی باوکێك دەکات بۆ کوڕەکانی ، ئەم باوکە وەسیەت بۆ کورەکانی دەکات لە دوای مردنی باوکیان

سێ شەو لە نزیك قەبرەکەی دابنیشن و ئاگاداری بن. بەڵام دوو لە کوڕەکانی گوێ بە قسەکانی نادەن تەنیا بچووکەکە نەبێت و هەرئەویش سوودمەند دەبێت وپەند لەوەدایە کە گەورەکانمان لێزانترو دنیا دیتەترن بۆیە دەبێت بەقسەیان بکەین و لەدێر زەمانەوە وابووەکەدەبێت بچووك بە قسەی گەوران بکات تا نەکەوێتە هەڵەوە . ئینجا کورە بچوکە روو لە براکانی دەکات و دەڵێ ((ئای هەی ئەوەی بەقسەی گەورەی خۆی نەکات هەر ئەوە مەسیرەیەتی . کەواتە ئەو چیرۆکە ئەوپەندەمان فێر دەکات و ئامۆژگاریمان دەکات هەرکەسێك بەقسەی گەورەوسەرداری خۆی نەکات زەرەرمەند دەبێت و دەکەوێتە حاڵەتی پەشیمانی ، چونکە گەورەکانمان لە ئێمە بەئەزموونترن و چاوکراوەترن و دنیادیدەترن لەژیان. (گ .ئاسۆی فۆلکلۆر ، ژ37، 2008: 129 )
لەحەکایەتی (هاورێی تەنگانە ) کلتوورێکی یەکجار جوانی تێدایە کە هەرزەکار پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرێ لەو حەکایەتەدا باس لە فەرەیدوون ناوێك دەکات ، کەبە تیر و کەوانەکەی چوار لە پاسەوانەکانی پاشا دەخات چونکە، کەسێکی سەرەڕۆو عاشق بوو، کەئەم ژیانی هەرزەکارێکەو گوێ بە قسەکانی باوکی نادات فەرەیدوون زیاتر لە چل برادەری هەبووە ، تەنیا یەکێکیان (نەژاد) نەبێ باقی ئەوانی تر هاوڕێی خواردن وخواردنەوەو بەرژەوەندی بوون فەرەیدوون خۆی دەخاڵەتی نەژاد دەکات شەو دەیحەوێنێتەوە بۆبەیانی لەگەڵی دەچێتەلای پاشا دەڵێ : ئەگەر مەسەلە پارەیە دووهێندە دەدەم ئەگەرلەسەر ژن گیراوە خۆم و خێزانم دێمەلات پاشا ئازادی دەکات ، شەو بەرەو جێ ژوانی یارەکەی دەچێت و پاشاش بەدوای دادەڕوات و گوێ ی لەهەموو کەین بەینێك دەبێ و ئافرەتەکەبەڵێنی پێدەدا کە دوای ئەو خۆی بکوژێت بەڵام هیچ پڕ کێشی نەکات و بەپاکی بمێنێتەوە لەدواجاردا نەژاد بەژنەکە خۆی دەڵێ : پاشی من فەرەیدوون لەجێی من دابنێ و لە دواجاردا کچە دێتەلای پاشا و کچە دەبەخشێ بە فەرەیدوون و دەبێتە بەزم و شایی هەڵپەڕکێ و ئەم دووانە بەیەکتری شاد دەبن .
بۆیە پێویستە هەرزەکار پەند و ئامۆژگاری لە باوك وگەورەکان وەربگرێ وسەرەڕۆ نەبێت ئەوەندەش نەفام نەبێت کەبەدوای هاوڕێی بێ کەڵك و بێ متمانەبێ کەتەنیا بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو بگرن هاوڕێی پارەو خواردن وخواردنەوە نەبێ و قسەی خۆی تەنیا لای هاوڕێیەکی راستەقینەو هاوڕێی تەنگانە بکات کەبەماڵ ومنداڵ و پارە و سامان لە تەنگانە ڕزگاری بکات . (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر ،ژ18، 2006 :167 )
حەکایەتی ( کەو )یش زۆر نزیکە لەو حەکایەتانەی پێشوو کەباس لە برادەر و زۆری برادەر دەکات کە زۆربەیان هەربۆبەرژەوەندی و پارەو پوول وتەماعی کردنە ماڵ ومولّکە . کاتێ برادەری هەبووە کەلەلایەن برادەرەدانییەوە داوای لێکراوە لەگەڵیان بچێ بۆ ڕاوو شکار لە راو چەکی لێ بەرز دەکەنەوە بۆئەوەی پارەی لێ بستێنن ، لەوکاتەدا کابرای دەوڵەمەند چاوی بەدووکەو دەکەوێ وداوایان لێ دەکات ببن بەشایەد لەسەر کوشتنەکەی. پاشی چەند ساڵێك کوری کابرای دەوڵەمەند گەورە دەبێت و ئەویش برادەری زۆری دەبێت ،کورە برادەرەکانی دەعوەت دەکات بەگۆشتی کەو برادەرەکەی باوکیشی کاتی خۆی کە باوکی کوشتووە وکاتێ چاوی بەگۆشتی کەو دەکەوێ ودەست دەکات بە قاقای پێکەنین ودەڵێ : کاتی خۆی برادەرێکم رووت کردەوە ،باشە چی بڵێ باشە ئەوانیش دەڵێن چی گوت : ئەو پیاوە من دەکوژی وبەکەوەکان دەڵێ: کەوەکان ئێوە ببن بەشایەد لە کوشتنەکەی من کەزۆر پێم سەیر بوو بەمەش کوری کابرای کوژراو بەخەبەر دێتەوە و کابرا دەکوژێتەوە حەقەکەی باوکی وەردەگرێتەوە بەمەش شاهێدی کەوەکان کاری خۆی دەکات . بۆیە غەدر و زوڵم و خیانەت باش نییە وکلتوورێکی یەکجار سەقەت ونادروستە هەروەها نابێت برادەوری زۆر بگرین تاوەکو تەواو متمانەیان پێنەکەین نەیانکەین بەهاورێ ودۆستی خۆمان. (گ/ئاسۆی فۆلکلۆر.ژ14، 2005 :137)
لەحەکایەتی (ئافرەتی مەرد)یش ئاماژە بەوە دەکات کە کورد خۆی لەخۆیدا دڵی ساف وپاك وبێگەردە و رێزی گەورەی میوانی لەلایە و ئافرەتی مەرد و بەحەیاو حورمەت هەیە نهێنی جوان و پەسەندی لا دەمێنێتەوە و دەتوانێ کێشەی گەورە چارەسەر بکات مەسەلە گەورە نەکات . هەروەها ئاماژە بەسەرە ڕۆیی گەنجێك (هەرزەکارێك) دەکات لادانێك دروست دەکات لەئەنجامدا پەشیمان دەبێتەوە ، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کەناکرێت ئافرەت ئەوەندە بۆ پیاوی بێگانە بچێتە پێشەوە هەرچەندە نیازیشی باش بێت بەڵکو لەوانەیە لایەنی بەرامبەر ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بۆکاری خراپ بەکاری بهێنێ . ئەو حەکایەتە باس لەدوو منداڵ دەکات کەلەمنداڵییەوە بەیەکەوە گەورە بوونە پاشی ئەوەی ماڵی یەکێکیان باردەکات بۆشوێنێکی نادیار پاش ئەوەی کە دەیدۆزێتەوە و سەری لێدەدات دەبینێ کەژنی هێناوەو ژنەکەشی جوان وڕێك وپێك ودەم بەپێکەنینە زۆر تێکەڵ و کراوەن ، بۆیە بە فرسەتی دەزانێ کەبەیانی بۆ نوێژی بەیانی بانگی دەکەن ئاوی بۆ دەستنوێژ بۆ گەرم دەکەن و هاوسەری ژنەکە ئەوکاتە دەچێتە ماڵی باوکی بۆ ئەوەی نانی گەرم و ماستی تازەی بۆ بهێنن ،شەیتان فریوی دەدا ودەست لەمل ژنەدەکا وماچێکی لێدەکا ژنەش ناکاتە نامەردی و مەسینەکەی بەدەم و چاوی میوان دادەدات خوێن فیچقەی دەکاو لەودەمە هاوسەری ژنەدێتەوە ودەڵێ ژنەئەوە چییە میوانمان هەموو دەم وچاوی خوێنە ئەویش دەڵێ : کاتێ دەستنوێژی دەشوشت کەوتە سەر مەسینەکە و ئاوای بەسەرهات کابرا زۆر شەرمەزار دەبێت و دواجار کەنانی بەیانی دەخۆن میوان ئەویش خۆی بەشەرمەزار دەزانێ بڕیاری گەرانەوە دەدات ئافرەتەکەش

قۆرتێکی هەڵدەکەنێ و نهێنییەکەی تێدا دەشارێتەوە تامردن .ئەمەیە ئافرەتی مەرد ئەگینا خۆ بەماچێك هیچ نابێت. ( گ/ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ17، 2006 :156 )

1. مرۆڤ بەرپرسە لە هاورێ گرتن کاتێك کە هاورێ دەگرێ دەبێت متمانەی تەواوی پێ هەبێت و چەند جارێك تاقی بکاتەوە ئەگەر نا دەبێت گلەیی هەر لەخۆی بکات بەو کارەی کە ئەنجامی دەدات.

2. مرۆڤ دەبێت یەکەیەکەی دۆست و برادەرانی بناسێت و لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات نەوەك بە سادە و ساکاری و دڵسافی لێی نزیك بێتەوە بە هاوڕێیەکی دڵسۆزی لە قەڵەم بدات و خۆی بخاتە ژێر چنگیەوە، چونکە هەموو مرۆڤێك شایەنی ئەوە نیە متمانەی پێ بکرێت.

لەحەکایەتی ( پیاوێکی قرچۆك ) دا باسی پیاوێکی قرچۆك دەکات ، کەمەروماڵاتێکی زۆری هەبووە ژنەکەشی حامیلە بووەو مەگیرانی بە جەرگ وناو کردووە ئەویش لەبری ئەوەی مەڕێك یان بزنێکی بۆسەر ببرێ وجەرگ وناوەکەی دەرخوارد بدات بەدرەنگەوە دەچێتەشارولەشار جەرگ وناو نامێنێ شەو دەچێتەماڵی قەسابەکە و دەعوەتێکی باشی دەکەن ،کەدەچنە سەر سفرەی نان خواردن، خانەخوێ بەهاوسەرەکەی دەڵێ: بیکوتین یان نانەکەبخۆین ئەوانیش دەچنە سەر قەبری حەوشەکەیان دەست دەکەن بەکوتینی قەبرەکە ،کابرای قرچۆکیش لەپەنجەرەتەمەشایان دەکات وکەدەگەڕێنەوە دەڵێنە کابرای قرچۆك بانان بخۆین ئەویش دەڵێ :نەخێر دەبێ ئەو نهێنییەم پێبڵێن ئەوانیش کەنهێنییەکەی پێدەڵێن زۆر شەرمەزار دەبێ ودەڵێ هەرئێستا دەگەڕێمەوە کەدەگەڕێتەوە چەند مەڕ وبزنێك سەر دەبڕێ بۆماڵە هەژاران وفەقیرەکان دەبات و خەڵکەکە سەریان سوڕدەمێنێ کابرای قرچۆك گۆڕاوە بۆ کەسێکی دڵ فراوان وسەخی . (گ. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ7، 2005: 119).

بۆیە خوای گەورە، کە سەروەرت و سامانی پێ بەخشین باشترین خێری ئەوەیە کە لەپێناوی ماڵ و منداڵەکانمانی خەرج بکەین بۆ ئەوەی ئەو سەروەت و سامانەیان پێوە دیاربێت، هەر بۆیەش گوتراوە کە سەخی لە خواوە نزیکە و ڕەزیلیش لەخوا دوورە. هەروەها دەکرێت هەندێك لەو سەروەت و سامانە بە هەژاران ببەخشی و ئەو کاتە لە دونیا و قیامەتیش سەربەرز و سەرفراز دەبی.

لە حیکایەتی (قسەی بە پارە)دا چەندین شتی جوانی تێدایە کە وەکو کەلەپورێکی پەسەندی کۆمەڵایەتی، کە بە پارەشی بکڕی هێشتا کەمە و شایەنی ئەوەیە پەند و دەرس و عیبرەتی لێ وەربگرین بەکورتی دەڵێ: (3) برا بۆ کار و کاسبی ڕوو لە وولاتێکی دوور دەکەن و لە گەڕانەوەیان ڕوو لە گوندێک دەکەن لادەدەنە ماڵی پیاوێکی پیر و دوای حەسانەوەیان دوانیان زوو خەویان لێ دەکەوێت سێیەمیان حەزی لە قسەی پیرەمێردەکە دەبێ و پێی دەڵێ مامەی پیر قسەم بۆ بکە ئەویش دەڵێ: کەسی مامەی من قسە بە پارە دەکەم کە مەبەستی سوود گەیاندن بووە بۆی ئەویش (٣) ئامۆژگاری دەکا و هەر ئامۆژگاریەک بە (١٠) پارەی ئەو سەردەمە. ئامۆژگاریەکان:

1. کەسی مامەی ئەگەر دنیا بەفر بوو لە شەوی زستاندا و بەیانی لە خەو هەستای دنیا ساماڵ بوو و کزەی با دەهات، ئەگەر لەو ماڵە دەریشیان کردی نەچیتە دەرەوە.
2. تا قسەیەکت لێ نەپرسن لەخۆتەوە وەڵام مەدەوە.
3. شتێکت چاو پێکەوت و بەدڵت نەبوو لەخۆتەوە ئاگر مەگرە تا نەچیتە بنج و بناوانی شتەکەوە.

لە یەکەمیاندا بەقسەی مامە پیرە دەکا و برایەکانی دیکە مکوڕ دەبن لەسەر ڕۆیشتن و ئەوان بەهیلاک دەچن، لە دووەمیاندا شەو بەهەڵەداوان چەند سوارێک هاتن و دایان بەسەریانا چونکە کەسانێک دزیان لە ماڵی پاشا کردبوو، سوارەکان لێیان پرسی چیت دیوە؟ چیت نەدیوە؟ ئەویش وورد و درشتی بۆ گێڕانەوە. پاشا خەڵاتی دەکا و دزەکانیش بە سزای خۆیان دەگەیەنێ. سێیەمیان کە دەچێتەوە ماڵەوە دەبینێ کوڕە گەنجێک لەگەڵ خێزانەکەی نوستووە، ئەویش ئامۆژگاری مامە پیرەی بیر دێتەوە و دەچێتە بنج و بناوانی شتەکە و بۆی دەردەکەوێت کەوا کوڕی خۆیەتی و گەورە بووە و متووی دایکی بووە، ئینجا دەیخاتە باوەشی خۆیەوە و تێر تێر ماچی دەکا و بەیەکتر شاد دەبنەوە. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ.20، 2006، 154).

لە حیکایەتی (پاشا و نەخۆشی گەدە) حیکایەتێکە باس لەوە دەکات، کە تەندروستی تاجێکە بەسەر سەری مرۆڤی تەندروستەوە. تەندروستی بە سەروەت و سامان و پارە و پوول نیە، پاشایەک بەردەوام گەدەی ئازاری هەبووە و هیچی پێ نەدەخورا و خەڵکەکە داوا دەکەن کە هەر شتێک پاشا حەزی پێ دەکات بۆی بێنن ئەویش دەڵێ: ئیشتیام بۆ هیچ ناچێت. دواجار گووتی شفتیم بۆ بێنن و دەیخوات، دووبارە ئازاری لە گەدە کەوتەوە و شفتیەکە لە پەنجەرە فڕێ دەداتە دەرەوە و پاشی بەینێک هەژارێک دەبینێ و خەریکە شفتیەکە کاڕکاڕەی بنی ناهێڵێ. بۆیە پاشا دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێ: هەموو سەروەت و سامانم بە

گەدەیەکی ئەوها دەگۆڕمەوە واباشە سوپاسگوزاری خودای گەورە بمر چونکە تەندروستی بە پارە و سامان نیە و هەژار هەیەتی و پاشا خۆزگەی بۆ دەخوازێ. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ. 24، 2007، 138)

حیکایەتەکانمان تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەری کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی کردووە، ئەمر گیروگرفتانەش ڕۆژانە و بەردەوامر تووشمان دەبێت، کە ڕەنگ بێ سەردەمانێک لە ئەنجامی نەزانی و بێ بیرکردنەوە بووبێت، تووشی هەڵەیەکی زمانی بووبێت و لە ئەنجامدا سەریشی تیاچووبێت. بۆ نموونە لە حیکایەتی (جۆلایەک)دا دەڵێت:

جۆلایەک هەبوو جاجمێکی جوان و نایاب و دانسقەی بۆ پاشا دروست دەکات و پاشاش زۆر ستایشی دەستکردەکەی دەکات و دەیەوێت خەلاتێکی باشی بکات، بەڵام پاشا لە جۆلای پرسی شتەکەت زۆر جوان و نایابە، بەلام باشە پێمر ناڵێی ئەمە بۆچی باشە ودەست دەدات و جۆلاش چونکە نەزان و گەمژە بووە، بیر لە قسەکانی ناکاتەوە کە پێویستە لە حزوری پاشا بە حەزەرەوە قسە بکات و بە خۆشی بژی قسە بیگێژە ،بیبێژە، بیوێژە، بۆیە جۆلاش لە وەلامدا پێی دەلێت پاشامر خۆش بیت کە تۆ ئەو کاتە فەرمایشتی خوات بەجێهێنا ئەوا باشە بەسەر تەرمەکەتدا بدەن.بۆیە پاشا فەرمان دەدات بە دەست و پێوەندەکانی کە جۆلا بکوژن و لە ملی بدەن . بۆیە نابێت بە ئاشکرا قسە بە دەسەلاتدارانی بالا بکرێت، چونکە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو تۆلەیەت لێ بکاتەوە، لە ئاست ئەو دەمەی کە بە هەلە قسە دەکات و دەگەیتە ئەو حەلەی کە سەریشت تیا بچێت .هەربۆیە قسەکردن و زمان پاراوی زۆرگرنگە بۆ مرۆڤ بۆ دەربازبوونی لە مردن و ژیان کولەمەرگی 0(ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ12، ساڵی2005، 151).

لە حیکایەتی (سیپارەی پاشا)دا دەڵێت؛ باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە دوای مردنی هەموو حەق و حیسابێکی لەگەلدا دەکرێت لە لایەن خودای گەورەوە. ئەگەر بێت و ئەو کەسە هەژار و نەدار و تام گێلیش بێت، ئەی ئەگەر پاشا بمرێت دەبێت چۆن ئازار بدرێت، دەفتەری کار و کردەوەکانی(سیپارەکەی) مە لائیکەتەکانیش بۆیان هەڵناگیرێت کە ئەوەندە وزە بەندن. ئەمە دوای ئەوەی لە دوای مردنی پاشا تامر گێل لەگەل پاشا دەنێژن و حەل و فەسڵی هەناسەدانی بۆ دەستەبەردەکەن و مەلائیکەت لێی بە ژۆرێ دەکەون و پێی ڕادەگەیەنن کە ( 30) سال لەمەوبەر دەنکە خورمایەکت لە دوکانێک دزیوە و لەسەر ئەوە هەموو گیانی دەشکێنن . خۆ ئەگەر سیپارەی پاشا هەڵبدەنەوە ، دەبێت چۆن بەرگەی هەموو ئەو ئازارەی مەلائیکەتەکان بگرێت .بۆیە پەند و عیبرەت لەوەدایە کەوا مرۆڤ بە دەسەلاتیشەوە دروست بژی و کارو کردەوەی باش بکات بۆ دوارۆژو قیامەتیش و بە زەلیل و سەر شۆڕی نەچێتەوە بر قاپی خودای گەورە.(گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ.30، ساڵی 2007، 172).

لە حیکایەتی (باڵوول و هارونە ڕەشید)دا هاتووە :جارێکیان کاروانی کچی هارروونە ڕەشید دەچنە ڕاو بۆ ئەو کێوانە لە دوورەوە گاوانێک دەیبینێت و دڵی دەچێتە سەری و چەندین ڕدێن سپی و پیاوی گوندی دەنێرنە داخوازی کچەی لۆ گاوانی گوندی، هارروونە ڕەشید دەڵێت :کچی من و گاوانی گوندیان گوتووە :پاشان هارروونە ڕەشید دەنێرێتە دوای کچەکەی و ڕای وەردەگرێت و دەلێت: با چاوم پێی بکەوێت، کە چاوی پێی دەکەوێت، دەیبینێت کورێکی قۆزوجوان و چوارشانەیە .دەڵێتە باوکی من شووی پێ دەکەمر . هارروونە ڕەشیدیش زۆری پێ ناخۆش دەبێت و دەلێت :من مەرجمر هەیە دەبێت جێ بەجێی بکەیت، کورە گاوانیش دەڵێت هەرچی دەڵێی جی بەجێی دەکەمر. هارروونە ڕەشیدیش دەڵێت :پێویستە شەو تا بەیانی پێویستە لەناو حەوزێکدا لە بەردەمر کۆشک بمێنیتەوە هارروونە ڕەشیدیش بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی مەرجەکە جێبەجێنەکات، پاشان هارروونە ڕەشید بانگی کۆشکی دەکات و بە کوڕەی گاوان دەڵێت :من کچەکەی خۆمر نادەمر بە تۆ ، چونکە تۆ لەدوورەوەش بێت چاوت بە تروسکایەک ئاگر کەوتووە و سێبووریت پێی هاتووە و خۆت پێ گەرمر کردۆتەوە. باڵوول هارروونە ڕەشید و دەست و پێوەندەکەی دەعوەتی مالی خۆیان دەکات و و ئاگرێکی کەمر لەبن مە نجەڵە دەکاتەوە، و هارروونە ڕەشیدیش دەبینێت شتێکی نامەعقوولی کردووە و ئەوها چۆن چێشت پێ دەگات بەو ئاگرە کزە و ئەویش پێی دەڵێ، ئەوها کورە گاوان چۆن سێبووری بەو تروسکایە ئاگرە هات لە دوورەوە .ئەویش بەدوای مەلادا دەنێرن کچەی لە کوڕە گاوان مارە دەکات .لێرەدا کێشەی چینایەتی گەورەیە لە بەردەمر پێکەوەنانی خێزان و خۆشەویستیش کوڕ و کچ لەیەکتر نزیک دەکاتەوە .هەروەها هەر دەبێت زوڵمر و زۆرداریش هەتا سەر نابێت و هەردەبێت زولمر و زۆرداری سەر دابنەوێنن بۆ حەق و ڕاستی و ڕاوێژیش کارێکی گرنگە لە کۆمەلی کوردەواری بۆ ئەوەی کاروباری میللەت بە چاکی و داد و یەکسانی و ڕێڕەوی کامەرانی گوزەر بکات. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ35، 2008: 172).

هەندێک کەس ڕەفتاریان ناگۆڕن هەر لە لەدایکبوونیانەوە تاوەکو مردن بەرەو باشتربوون تاوەکو سوودێکییان بۆ کۆمەلگە و بۆ خۆشیان هەندێ جار دەگاتە ئاستی مەرگ و لەناوچوون بۆیە وا چاکە مرۆڤی چاک و باش بۆ ئەوەی جێگای متمانەبن و وەفا بنوێنن بەرامبەر لێپرسراوێتیەکانیان و جاری واش هەیەبە چەندین دەست ماچ کردن و سوێند خواردن لەسەر ئەوەی کاری چەوت ئە نجامر نەدەن بەلام بێسوود بووە و سەرەنجامر گەراوەتەوە سەر هەمان ڕەفتار پێشووتریان. لەو حیکایەتەیدا دێت دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە دارستانێکدا گورگێکی برسی و هار دەژیا، گەلێک جار دەهاتە سەر ڕێگای مێگەلە مەڕەکان و شوانەکانی هەراسان دەکرد، بەڵام

سەگە بەوەفاکانی بەدوای دەکەوتن و لە مێگەلە مەڕەکانی دوور دەخستنەوە. گورگەکە بەو کارە سەغڵەت دەبوو و بۆیە بیری لەوە کردەوە کە تاوتوێ درێژ بکات و خۆی وەک سەگەمان بنوێنێت. ئینجا بڕیاری دا بچێتە لای شوانێک و بەهەر حاڵێک بێت شوانەکەی ڕازی کرد کە ببێتە پاسەوانی مەڕەکانی. شوانەکە ئەوەی بەلاوە سەیر بوو گورگەکە وا دەبینی و لەدواجاردا گورگەکەی کردە پاسەوانی بەرخۆلەکان و سەگەکانیشی دەگەڵ مێگەلەکەیدا. گورگەکە سەیری بەرخۆلە نەرم و نۆل و سپی و جوانەکانی دەکرد و لیکاوی بەدەمیدا دەهاتە خوارەوە و دەیگوت ئیمڕۆ بەرخۆلەیەک دەفڕێنمە ناو دارستانەکە و دەیخۆم. شوان ئاگای لە چیە و ژمارەیان زۆرە و خۆ نایانژمێرێتەوە. بۆیە پەلاماری بەرخێکی دا و ئەوانی تر هەموویان کردیانە هاڕە و شوانەکە لە دوورەوە گوێی لە قاڕە و هاڕەی بەرخەکان بوو و گەڕایەوە و بەرخەکەی لە دەمی گورگەکە ڕزگار کرد و پێلەقەیەکی لە گورگەکە هەڵدا و گوتی: ئەوەیە سزای فێڵ و پیلانەکانت، هەرچەندە شێوەی خۆی بگۆڕی بەڵام ناتوانی ڕەفتاری گورگانەت بگۆڕی، هەربۆیە تۆبەی گورگ مەرگە. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ2، 2000: 141).

لە گیر و گرفتیکی دیکەی کۆمە لایەتیدا کە لەم حیکایەتەی خوارەوەدا هاتووە دەلێت:

لە وەرزی بەهار و وەختی مەڕ زایین، دوو شوانکار لە پڕگەی هۆبەی ڕەشمالان ، پیاسەیان دەکرد و باسی ناگزووری و ژیان و دەرد و مەینەتی دنیایان دەکرد، باسی کوشت و کوشتاریان دەکرد،کە بۆچی قابیل هابیلی برای کوشت ، بەدەم ڕێگاوە لەناو گیا و گۆل، دیتیان دوو تووتکە سەگی خرپن سەریان بە یەکتری وەناوە و لە پرخەی خەوی شیرین دا بوون، زۆرسەرنج ڕاکێش بوون، یەکێکیان گووتی : تۆ ببینە چەند تەبا و ڕەبا و خۆشەویست و بەختەوەرن لە ژیانی خۆیاندا، ئەوی دیکەیان گووتی :نەخێر هەرگیز وانیە، ئەوی دیکە پیی گووت : بۆ وانییە، لە وەلامدا پێی گووت :کاکە برا هێشتا ئەوانە چاوچنۆکی و تەماع نەکەوتۆتە نێوانیان، بۆیە وا تەبا و کۆکن ، ئەگینا یەکتری شیتال شیتال دەکەن .ئینجا ئەوی دیکەیان گووتی:چۆن دەیسەلمێنی؟ پێی گوت کەمێگ ئارامت هەبێت و بوارم بدە ئێستا بۆتی ئیسپات بکەم ، کە چۆن خوێنی یەکتری فڕ دەکەن .پاشان چوو پزدانێکی ئاژەلی هێنا وهاوێشتییە بەردەمیان و گوجیلیەکان بۆنی پزدانەکەیان کردو زۆریش برسی بوون، هەر یەکەیان بەرامبەر ئەوی دیکەیان تەماعگیر بوو کە بەتەنیا بۆ خۆی بێت و بیخوات، وە ئەنجام بوو بە ڕاکێش ڕاکێش و مڕەمڕ لەنێوانیان، وە دەرکەوت کە یەکێکیان لەوی دیکەیان بەهێزتر بوو و پڕی دایە قرقرتۆکی هاوڕێکەی تری گرت و بەرزەفتی کرد هەتا نوزەی لەبەر بڕی و خنکاندی و ساردی کردەوە و وازی لێ هێنا.

بۆیە مرۆڤ ئەگەربێت و هیچ بەرژەوەندیەک لەنێوانیاندا نەبێت ئەوا زۆر تەبا و ڕەبا و کۆکن لەگەڵ یەکتری، ئەگەرنا دەبوونە بابکوشتەی یەکتری. هەر بۆیە واباشە مرۆڤ هاوڕێیەتی کەسێک نەکات کە لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بێت. چونکە ئەو جۆرە هاوڕێیەتیە هەتا سەر نابێت. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ11، 2005: 157).

هەڵپەیی و چاوچنۆکی کارێکی گەلێک خراپ و ناشیرینە، مرۆڤ لە ژیاندا ئەوەندەی بەسە کە خودای گەورە سەروەت و سامانێکی بەسەردا داباریێنێت، تۆش پێویستە ڕازی بیت بەو نیعمەتە و زۆر جاریش هەیە مرۆڤ سامانێکی کەمی لەبەردەستدایە و بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شوکر و ڕازیە بەو سەروەت و سامانە کەمەی و دووربێت لە نەخۆشی و دەرد و بەڵای ناگەهان. هەروەک لە کوردەواری دەگوترێ: مرۆڤ کەم خۆری دایم خۆر بێت نەوەک زۆرخۆر بێ نەوەک تووشی کێشە و گیر و گرفتت بکات. لەم حیکایەتەی (مار و حاجی داربڕ)دا هاتووە دەڵێت:

کابرایەکی هەژار کار و کاسبی داربڕین بوو لە چیادا، بەو دارو بارەی کە ڕۆژانە دەیبردە بازاڕ، و بە پارەکەی پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی پێ بەڕێدەکرد .ڕۆژێکیان لە کاتی داربڕین چاوی بە مارێک دەکەوێت و تەماشای دەکات ، زۆر برسی و ماندووە، ئەویش پێڵاوەکەی پڕ شیر دەکات و لەپێش مارەکەی دادەنێت تا تێر دەخوات. مارەکە بە سەر ئاماژە بۆ داربڕەکە دەکات و دەچێتە کونەکەی و دوو لیرەی بۆ فڕێ دەداتە دەرەوە و داربڕ هەڵی دەگرتەوە و دەچێتەوە ماڵەوە و خۆی دەگۆڕێت و بەرەو شار بەڕێ دەکەوێت و پێداویستی ماڵەوەی پێ دەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ جاری دووەم و سێیەم...و بەهەمان شێوە ڕۆژانە دوو لیرەی بۆ فڕێ دەداتە دەرەوە و داربڕ دەوڵەمەند دەبێت و داربڕ بڕیاری ئەوە دەدات بچێتە حەج و نهێنی ئەو کارە بە کوڕە گەورەکەی دەسپێرێت تا لە حەج دەگەڕێتەوە. کوڕەکەشی ڕۆژێ دووان ئەو کارە ئەنجام دەدات و ئینجا کوڕە ئەوە دەچێتە مێشکی و دەڵێت: من وا چاکە داربڕەکە بکوژم و کونەکەی هەڵدرم و هەموو لیرەکانی بۆخۆم ببەم بەجارەکی. کوڕەی حاجی داربڕ، بەردەکە دەهاوێژێتە مارەکە و بەردەکە بەر کلکی دەکەوێت و کلکی دەکرتێ و مارەکەش بە کوڕەی حاجی داربڕەوە دەدات و دەمرێت. باوکی کوڕە لە حەج دەگەڕێتەوە و باس و خواسی کوشتنی کوڕەکەی پێ ڕادەگەیەنن و زۆر دڵتەنگ دەبێت و بۆ بەیانی دەچێتە ناو چیا و دەست بە داربڕین دەکات و مارەکە دێتە دەرەوە و بە حاجی ڕادەگەیەنێت کە من و تۆ هاوڕێیەتیمان نەماوە، چونکە پاش ئەو بەڵایەی کە بەسەرماندا هات ئێستا من و تۆ دوژمنین، نە تۆ لە تۆڵەی کوڕەکەت خۆش دەبیت و نە منیش لە کلکی خۆم خۆش دەبم ها ئەوەتە ئاخیر دوو لیرەکەت بدەمێ و خواحافیز. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ 31، 2007: 183).

ئەو کلتورەی کە لەو حیکایەتە بۆمان ماوەتەوە کلتورێکی کۆمەڵایەتیە کە چەندین ئامۆژگاری و و کێشە و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی تێدایە کە دەکرێت سوودی زۆری هەبێت بۆ نەوەکانی ئێستا. حاجی داربڕ قەناعەتی تەواوی هەبوو، ڕۆژانە ئەو پارەیەی دەستکەوتووە، سوپاسگوزاری خوای گەورە بووە. ڕازی بووە کە خوای گەورە ئاوڕێکی بەخێری لێ داوەتەوە، هەروەها حاجی داربڕی دنیادیتە وای لێهاتووە لەو پارەیە، پاشەکەوتیش بکات کە ئەمە کەلتوورێکە ئێستا زۆر پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەرجەستەی بکەین. لە کوردەواری دەگووترێت مرۆڤ پێویستە (کەم خۆری دایم خۆر بێ)، بەڵام کوڕەکەی پێچەوانەی باوکی ئەو قەناعەتەی نەبوو بۆیە ژیانی بەردەوام نەبوو، تاوەکو سەریشی تیاچوو چونکە کوڕەی هەرزەکار سەرەڕۆ بوو چونکە پێویست بوو وانەبێت و دەبێت چاکە بە چاکە بدرێتەوە کە ئەمە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی زۆر قووڵە لەناو کۆمەڵگەدا و مرۆڤ پەروەردەیەکی تەندروست وەربگرێت ئەو کاتە ئەو هەڵە و کێشانە دووبارە ناکاتەوە.

لە حیکایەتی (پەند)دا هاتووە دەگێڕنەوە و دەڵێن:

کابرایەکی دەوڵەمەند سامانێکی زۆری دەبێت، منداڵەکانی داوای لێ دەکەن پێش مردنی سامانەکەیان لەنێواندا دابەش بکات و ئەویش دەیگوت: سامانەکەتان پارێزراوە و هەر بۆ ئێوە دەبێت، دوای ئەوەی کابرا دەمرێت، خێرا بەرەو گەنجینەکە دەچن و تەماشا دەکەن: مشتە خۆڵێک و ئێسکێک کرۆلا و کاغەزێکی سپی تیابوو، باوکەکەی هەرسێکیانی لەسەر ئەو شتەدا نووسیبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان پەنا دەبەنە بەر دۆستێکی باوکیان و ئەویش پێشنیار دەکات بەرەو لای زانایەکی دووریان بنێرێ. دەگەنە دارخورمایەک و بۆڵەیەکی لێ دەکەنەوە و سێ دەنکیان شیرین دەبێت و لەنێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن. ئینجا دەگەنە سەر کانیەک و کانیەکە ئاوەکەی سپی دەبێت و چارەواکانیان لێ نزیک دەکەنەوە و ئاوەکە سوێر دەبێت و نایخۆنەوە. دواجار دەگەنە دەنکە زیخێک و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و دەبێتە کۆشک و هەرەس دەهێنێ و لەو کارە سەریان سوڕ دەمێنێت. لەدواییدا دەگەنە ماڵی زاناکە و زاناکە زۆر پیر دەبێت و لەنێوان نەوەد ساڵان دەبێت و دەڵێت من زاناکە نیم و برا گەورەی زاناکەم چاوەڕوانی دەکەن تا دێتەوە و کە دێتەوە تەماشا دەکەن لە نزیکی شەست ساڵان دەبێت و پێیان ڕادەگەیەنێت کە مشتە خۆڵەکە ئاماژەیە بۆ زەویەکانی باوکیان. ئێسکەکە ئاماژەییە بۆ مەڕ و ماڵات و کاغەزە سپیەکە ئاماژەیە بۆ خانووەکانی باوکیان. ئینجا داوا لە داناکە دەکەن ئەو شتانەی لە ڕێگەدا بینیویانە بۆیان شی بکاتەوە. دوو سێ دەنکە شیرینە خورماکە کە هاوڕێن و کەمیان دڵسۆزن. ئاوە سپیەکە بە ڕواڵەت سەرنج ڕاکێشە و لە ناوەڕۆکدا هەوڵ دەدات فریوتان بدات. هەرچی زیخەکە بەرز دەبێتەوە لەو ووشەیە دەچێت کە چەندە جوان بێت، وەک ئەوە وایە کە خانوویەکت دروست کردبێت، بەڵام کە ڕەق و توند بێت هەرچەندە جوانیشت دروست کردبێت ئەوا بە ئاسانی دەڕووخێت. لە تەمەنی برا گەورەکە داناکەش دەپرسن کە گوایە برا گەورەکە بەناو خەمدا ڕۆچووە و بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە و زۆر شت لێکدەداتەوە، بەڵام داناکە بە پێچەوانەوەیە هەر بۆیە بە گەنجی ماوەتەوە. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ34، 2008: 178).

بۆیە پرسکردن بە دانا و زانایان لە شەڕ و دووبەرەکی پاراستن. هەروەها پێویستە هاوڕێی بەوەفا و دڵسۆز و تەنگانە هەڵبژێرین. مرۆڤ کە قسە دەکات هێمن و جوان و لەسەرخۆ بێت و قسەی ڕەق نەکات خەڵک لێی بسڵەمێنەوە و هەروەها مرۆڤ نابێت جڵەوی خۆی بداتە ڕابردوو و ئەوەندە بیر لە داهاتووش نەکاتەوە و خەمان لە دڵ هەڵنەگرێت، چونکە مرۆڤ بە خەم دەچەمێتەوە و زوو بەرەو پیری دەڕوات و لە مردن نزیکی دەخاتەوە.

لە حەکایەتی (مەکۆی ژنان)دا وادەڵێ:

بێوەژنێك لە هەڕەتی لاویدا پیاوەکەی کۆچی دوایی دەکات، کوڕێکە لە پاشەخۆی بەجێ دەمێنێت، دایکی بە هەژاری لەو دەرک بۆ ئەو دەرک و بە قسەی ناشیرینی ئەم و ئەو، بەساردی و بەگەرمی بەخێوی دەکات و قوتابخانەی پێ تەواو دەکات، دەبێت بە فەرمانبەری میری. دایکی گەڕا و سوڕا تاوەکو جوانترین ژنی بۆ دۆزییەوە و ژنی بۆ هێنا و پاش ساڵێک خوای گەورە مناڵێکیشی پێ بەخشین. خێزانی کوڕە (بووکەکە) لەگەڵ خەسووی تێکی دا و ئاژاوە کەوتە ناو ماڵی کوڕە. بووکەکە پیلانێکی دروستکرد و خۆی نەخۆش خست و بەپیاوەکەی گوت: ئەگەر تۆ بەڕاست منت خۆش دەوێ، ئەوا دڵی دایکتم بۆ بهێنەوە دەیخۆم و تەندروستیم باش دەبێت. کوڕەکەش ڕۆژێکیان بەدایکی گووت: وەرە با بڕۆین بۆ ماڵی خاڵم، هەر لەشار بزربوون لە ڕێگا لایدا و سەری دایکی بڕی و دڵەکەی دەرهێنا و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوت، لە ڕێگا ساتمەیەکی کرد و دڵەکەی لێ کەوتە سەر زەوی و دڵە هاواری کرد ووتی: کوڕم ئاگات لەخۆت بێ، خوای گەورە پشت و پەنات بێت. کوڕە سەیرێکی ئەم لاو ئەولای کرد، کەسی لێ دیار نیە، تەنیا دڵی دایکی بوو، کوڕە دەستی کرد بە گریان و گەڕایەوە ماڵەوە. ژنەکە گوتی: پیاوەکە هەر تۆ بەڕێکەوتی تەندروستیم باشتر دەبوو، کوڕە گوتی: دڵەکەم لەدەست کەوت و بۆ من دەپاڕایەوە، بووکەکە گووتی: ئەمە مەکری ژنانە بەم مەکرانەش منی هیشک کردەوە.

کوڕەکەش بە ژنەکەی گووت: تاکو چ کوشتنی ترت پێ نەکردووم، با بتکەم بە قوربانی دایە، هەی کافری بێ دین. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ 41، 2008: 164).

ئەو کلتورە کۆمەڵایەتیەی لەم حیکایەتە بەرجەستە بووە ئەمانەی خوارەوەن:

- هەرچەند بۆ دایک بکرێت هەرگیز پاداشتی نادرێتەوە.
- مرۆڤ ئەوەندە دڵڕەق نەبێت بەرامبەر بە دایک و ویژدانی خۆی فڕێ نەدات و ئازاری بدات.
- بووک نابێت ئەوەنجە لەخۆبایی بێت و خەسووی لێ ببێتە دوژمن. بەڵکو دەبێت خەسووی وەک دایکی خۆی تەماشا بکات.
- مرۆڤ نابێت بۆ شتی خراپ بەگوێی کەس بکات و کوشتن و ئازاردانی خەڵکت بکەوێتە ئەستۆ.
- پاش ئەنجامدانی کارەساتێکی ئەوها، پەشیمانی داد نادا و تاوانەکەت ناسڕێتەوە.
- زۆر پێویستە لەنێو ئەندامانی خێزاندا هاوکاری و تەبایی و بیروڕا گۆڕینەوە هەبێت، چونکە ئەمانە بەردی بناغەی خێزانی بەختەوەرە.
- مرۆڤ کە تووشی کێشەیەکی لەم جۆرە دەبێت، چارەسەرێکی لەبار بدۆزێتەوە نەخۆی و نە کەسانی دیکەش ئازار بدات و گرفتاریان بکات، وەک ئەوەی بەسەر دایکی دا هێنا.

لە حیکایەتی (شێر و پیاوی نەزان)دا وا دەگێڕنەوە:

کە پیاوێکی زۆر هەژار لە گوندێکدا دەژیا، لە ژیانی خۆی بێزاربووو، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت تاکو بەشەنسی خۆی دەگا. لەڕێگەدا دەگاتە شێرێک و پێی دەڵێ: من بێ شەنسم و بەدوای بەختی خۆمدا دەگەڕێم. شێرەکەش پێی دەڵێ: منیش بریندار و گوڕیم پرسیاری منیشی لێ بکە و بزانە چارەی من چیە؟ ئینجا دەگاتە ئاغایەک پێی دەڵێ: من زۆر دەوڵەمەندم، بەڵام هەمیشە خەمبارم و دڵتەنگم. نازانم بەچی دڵم خۆش دەبێت؟ پیاوەکەش دەڵێ: باشە، ئینجا دەگاتە ماڵێکی پڕ لە ماڵات، ماڵە دەوڵەمەندەکە پێی دەڵێن: باوکمان سامانێکی زۆری بۆ بەجێهێشتووین، بەڵام ژیانمان زۆر ناخۆشە، پێی بڵێ ژیانمان چۆن خۆش دەبێ؟ دیسان دەڕوا و دەگاتە تەیرێکی سپی و تەیرەکە پێی دەڵێ: من شەنسی تۆم، پیاوە هەژارەکە دەڵێ: مادام تۆ شانسی منی، من هەژارم وابکە حاڵ و باڵم خۆش بێت و ڕزق و ڕۆزیم بێتە دەست، تەیرەکە پێی دەڵێ: نەکەی لەسەر هەل پاز بدەیت. ئینجا یەک لەدوای یەک دەردی ئەوانەی پێ دەڵێ: کە ڕاپسپاردبوون بە چارەسەری دەرد و شانسیان. دەردی شێرە گوڕیەکەی لێ دەپرسێ ئەویش دەڵێ: با خوێنی پیاوێکی نەزان لەخۆی بدا و چاک دەبێتەوە. پرسیاری ئاغا ڕاوچیەکەی لێ دەپرسێ، ئەویش دەڵێ: ئەم ئاغایە جلوبەرگی پیاوانی لەبەرکردیە، پێی بڵێ با شوو بکات ئەوکاتە دڵی خۆش دەبێ. پرسیاری ماڵە دەوڵەمەندەکەی لێ دەکات: ئەویش تەکبیری ئەوەیە، کە میراتەکەیان دابەش بکەن و ژیانیان خۆش دەبێ. تەیرەکە چەندین جار بە کابرا دەڵێ: نەکەی لەسەر هەل باز بدەیت.

پیاوەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە: لەڕێگادا دەگاتە ماڵە ڕەشماڵەکە و لەبری چاکەکەی لەگەڵیدا کردوون گۆزەیەک لیرەی دەدەنێ، بەڵام وەری ناگرێ. هەر لە ڕێگادا دەگاتەوە ماڵە ئاغاکە لەبری چاکەکەی کچە (ئاغاکە) خۆی پێشکەش دەکا و مێردی پێ بکا، بەڵام پیاوی هەژار ڕازی نابێت. دواجار لە ڕێگا بە شێرە گوڕیەکە دەگا و هەموویانی وەبیرێتەوە و چاکەکانی بەچاوی دادەداتەوە و لەو هەلانەی کە پازی داون لەسەری. بۆ گۆزە لیرەکەت وەرنەگرت؟ بۆ کچە ئاغاکەت مارە نەکرد؟ ئەی باشە بۆ شانسی من پێی وتی با خوێ پیاوی نەزان لە لاشەی خۆی بدات چاک دەبێتەوە، من لە تۆ نەزانترم دەست ناکەوێت، شێرەکە پیاوەکە دەکوژێ بەخوێنەکەی خۆی پێ چەور دەکا و لە گوڕییەکە ڕزگاری دەبێت. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ28، 2007: 179).

ئەو دەرس و ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتی و کلتوریانەی لەو حەکایەتە دەست دەکەوێ ئەمانەی خوارەوەن:

1. مرۆڤ پێویستە عاقڵانە بژی و بیر بکاتەوە، ئەو کاتە بەری ڕەنجی عەقڵی و ژیریەکەی دەخوات.
2. مرۆڤ هەرگیز نابێت لەسەر ئەو هەلانە پاز بدات، کە خوای گەورە بۆی فەراهەم دەکات لە کچی زیرەک، لە سەروەت و سامانی بێ شومار، لەسەر ئامۆژگاری و ڕێنمایی...هتد.
3. مرۆڤ کاتێک ڕاوێژی پێ دەکرێ و ئامۆژگاری دەبەخشێ بە کەسانی تر پێویستە بەری ڕەنجی ئەو ڕاوێژ و ئامۆژگارییە وەربگرێ.
4. مرۆڤ نابێت پەلە بکات لە ڕەتکردنەوەی ئەو بەها ماددیانەی کە زەحمەتی زۆری پێ بینیوون.

لە حەکایەتی (دۆستایەتی مرۆڤ و سەگ)دا دەڵێ:

سەگێک لەپێش دەرگای ماڵی خانەخوێکەیان لەناو گیاو گۆڵدا لێی پاڵ کەوتبوو کە ناوی (فێنۆ) بوو، گوجیلەیەکی شەش مانگی دەچێتە لای کە ناوی (بۆرە) دەبێت و پێی دەڵێ: پرسیارێکم لێت هەیە و هیوادارم نیگەران نەبیت لێم ئەویش ئەوەیە، کە بۆچی ئێمەی سەگ هەردەم لەگەڵ مرۆڤدا دەژین؟ (فینۆ)ش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: منیش ئەو پرسیارەم لە باپیرانم کردووە وەک تۆ کە منداڵ و پاشان لە هەرزەکاریم ئەو پرسیارەم کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون کە سەگێک لەناو هەموو ئەو سەگانەی کە لە دارستان و چۆلەوانیدا دەژیان، بێزار دەبێت و دەیەوێت هاوڕێیەک بدۆزێتەوە لەگەڵیدا بژیت. بەڵام لە هەموو گیاندارێک بەهێزتربێ. گەڕا گەڕا تا چاوی بە گورگێک کەوت و داوای هاوڕێیەتی لێ کرد و بوون بە هاوڕێ. ڕۆژێکیان سەگەکە دەستی بە حەپین کرد و گورگەکە پێی گووت: نەکەی جارێکی دیکە بحەپی چونکە وورچێک دەنگی دێت، ئەو کاتە دێت دەمانخوا. ئیدی سەگەکە دەست لە هاوڕێیەتی گورگەکە دێنێ و دەبێتە هاوڕێی وورچەکە، چونکە پێی وابوو ئەو بەهێزترە. ئەمجارەیان دەنگێک دەبیستێ و وورچەکە بە سەگەکە دەڵێ: نەکەی بحەپی چونکە، ئەوە دەنگی شێرە و دێت لەناومان دەبات. ئەمجارەش سەگەکە واز لە هاوڕێیەتی وورچە دێنێ و دەبێتە هاوڕێی شێرەکە. شێرەکەش گوێی لە دەنگێک دەبێت و بە سەگەکە دەڵێ: نەکەی حەپە حەپ بکەیت چونکە ئەوە مرۆڤە بە عەقڵ و دارەکەی دێت و لەناومان دەبات. بۆ دواجار دەبێتە هاوڕێی مرۆڤ بەردەوام دەبێت لە حەپەحەپ و تا ئێستاش وەک دوو هاوڕێی بەوەفا بەیەکەوە دەژین. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ16، 2006: 181).

ئەو دەرس و پەند و کلتوورە جوانەی بۆمان بەرجەستە دەبێت، لەم حەکایەتەدا ئەمانەی خوارەوەن:

1. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت بەتەنیا بژیت، چونکە هەروەک گوتراوە، تەنیایی هەر بۆ خوا باشە. بۆیە سەگەکە بەردەوام بوو لەسەر ئەوەی هاوڕێیەکی بەهێز بۆخۆی بدۆزێتەوە کە مرۆڤە.
2. گیانەوەران بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لە سروشت و ڕەفتار و ڕەوشتی خۆیان کە لەسەری دروست بوون، بگۆڕن.
3. گیانەوەرێکی وەکو سەگ ئەگەرچی بچووکیش بێت حەز و خولیای بەدواداچوونی زۆر پرسیاری هەستیاری هەیە، کە دەیەوێت بیزانێت.
4. چ مرۆڤ و چ گیانەوەران نابێت ترس و دڵەڕاوکێ بخەنە ناو دڵی لەخۆیان بێ هێزتر بۆیە مرۆڤ دەبێت چاونەترس بێت بەرامبەر هەر هێرش و پەلامارێک، کە دەکرێتە سەری.
5. مرۆڤ پێویستە لەسەری کاتێک هاوڕێ دەگرێت، دەبێت تاقیان بکاتەوە، مرۆڤی ترسنۆک و بێ هێز نەکاتە هاوڕێی خۆی.

لە حەکایەتی (بگرە داری بکوژە ماری)دا دەڵێ:

سوارێک بە ئاقاری دا دەڕۆیشت، دیتی وا پەرێز ئاگری گرتووە و نەڕ و هۆڕە لەناو ئاگرەکە دێت و گووتی: بۆ من شوورەییە با بچم بزانم ئەو مندارە ڕزگار بکەم لە سووتان و چاوی دا ئاگرەکە و بەناوی کەوت. لەناو پەرێزەکە چاوی بە مارێکی گەورە کەوت و دەیزیڕاند و دەمی لێک کردبۆوە و سوارەکەش لەنزیک مارەکە وەستا و مار پێی گوت: قوربانتم لەو ئاگرە ڕزگارم بکە دەنا دەسووتێم. سوارەکە گووتی: ئێمە بابەلباب دوژمنین، ناتوانم دەربازت بکەم. دواجار کابرا (سوارەکە) ڕازی بوو، پێی گووت وەرە پشتم مارەکە بە لاقی سوارەکەیدا هەڵگەڕا و چەند جارێک خۆی لە قەدی سوارەکە لوولدا و مارەکەی لە ئاگرەکە دوورخستەوە و مارەکە پێی گووت: ئینجا بڕۆ، مار گووتی: ئێمە هەر دوژمنین، چۆن بە ئاسانی لێت دەبمەوە. چەندین جار پێی گووت: من چاکەم لەگەڵدا کردووی چۆن شتی وا لەگەڵ من دەکەیت؟ مارەکە گووتی: هەندەی پێ ناوێ بەسەری درت وەدەدەم بەڵام لەبەر چاکەکەت، کێندەرت پێ خۆشە بەوێ وەدەدەم، هیچ چارەت نیە. کابرا گووتی: وەرە با بە شەرع بکەین. گووتی: باشە. تووشیان بە تووشی کەرەکی بوو، کەرەکە گووتی: ئەگەر بەگوێی من دەکات بە سەری درت وەدەدا، چونکە لە مرۆڤ بێ وەفاتر نیە. هەتا شنگم هەبوو کاری پێ کردم، کە شنگم لەبەر بڕا بەڕێی کردم. کابرا گووتی: کەر هەر کەرە من بەو شەرعە ڕازی نیم. ئەمجارەیان تووشی ڕێویەک هاتن و سەلامیان لێ کرد و گووتیان شەرعێکمان هەیە بۆمان بکەیت ئەویش گووتی: دەبێ لەسەر مانەکە بێنە خوارەوە و مار بێتە لای چەپم و کابرا بێتە لای ڕاستم و دارەکی دەست دەدەمێ و حوکمەکە بڕیار دەدەم. هەردوولا گووتیان: باشە. کابرا گووتی: ها ڕێوی چ بکەین؟ ئەویش پێی گووت: قوزەلقورت و مەرگەمووش. بۆ ڕاوەستاوی سەگباب (بگرە داری بکوژە ماری) ئیدی کابرا مارەکەی کوشت و ڕزگاری بوو. (گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ21، 2006: 154). ئەو کەلتوورە بەنرخەی کە لەم حەکایەتەدا بۆمان بەرجەستە دەبێت ئەمەی خوارەوەیە:

1. مرۆڤ نابێت بەهیچ شێوەیەک بەرامبەر دوژمنەکەی دڵی نەرم بێت، چونکە دوژمن بەهیچ شێوەیەک متمانەی پێ ناکرێت. ماریش دوژمنە بۆیە نابێت نەرمی بەرامبەری بنوێنین.
2. مرۆڤ نابێت دەستبەرداری ئەو گیانەوەرانە بێت کە خزمەتی دەکەن، تا لەسەر شنگ و هێزی خۆیان بن خزمەتیان دەکەن. ئەگەر لەسەر شنگ و هێزی خۆیان نەمانەوە و بەرەو پیری بچن وازیان لێ دێنن وەک: کەر و سەگ و ...هتد. کەواتە مرۆڤ دەبێت بەوەفا بێت لەگەڵ ئەو کەس و گیانەوەرانەی خزمەت دەکەن و ماندوو دەبن و پاداشتیان بدەنەوە.
3. هەندێ کەس هەن وەکو ڕێوی فێڵبازن و بە فرت و فێڵن لە کار و کردەوەکانیان و بە قسەی لووس خۆیان و کەسانی دیکە لە مەینەتی ڕزگار بکەن، یاخود بە تەڵەیانەوە وەبکەن.
4. قسەی نەرم و نیان، دڵی مرۆڤ خاو دەکاتەوە و مرۆڤ دێتە ڕایێ، هەروەک گوتراوە: مار بەقسەی خۆش لەکون دێتە دەرەوە.

**ئەنجام**

کۆمەڵی کوردەواری هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت بایەخێکی زۆری بە پەروەردەی منداڵ وهەرزەکاران داوە ،نازی کێشاون ،حەزو خولیاو ئارەزووی پێبەخشیون .

- ئەو هەوڵ وماندووبوون و شەونخونییەی کە باوك وباپیرانمان داویانە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ وهەرزەکاران (گەنج ولاوەکان ) بۆ ئەوە بووە کە ئەوانە ببن بە خاوەنی کەسایەتی خۆیان وداهاتووی خۆیان پێ لەسە ر بنیات بنێن ومرۆڤێکی سوودبەخش بن بۆ کۆمەڵگە.
- سەرکەوتووترین حەکایەت بۆ منداڵان وسەرنجراکێشانیان وکاریگەری زیاتری بەسەر دڵ ودەروونی منداڵان جێبهێڵن ،حەکایەتی گیانداران چونکە حەزدەکات لەگەڵیان بژین و هەندێ لەو ئاژەڵانە دەکرێ تەنیا نیشانە بن  و لەودیو پەردەوە بەناوی ئەمانەوە ژیانی ڕاستەقینەی ئادەمیزاد بخرێتەڕوو.
- حەکایەتەکان هەردەم پارێزەری ئەو بەها وداب ونەریتە پەسەندو جوانانەی ناو کۆمەڵگە بوونە راستگۆی و دەستپاکی و بەوەفایی و چاوتێری ومەردایەتی وتێکۆشان و پشوودرێژی و.....هتد.چونکە درێژە پێدەری ئەو بەهایانە کۆمەڵگایەکی تەندروست دێنێتە ئاراوە کە رەوشت وئەخلاق وپەروەردەی نموونەیی ئامانجی سەرەکیەتی.
- ئەو کلتوورەی لێرەدا خراوەتە ڕوو مەبەست لێی شێوازی ژیانی پێشووی کۆمەڵگەیە شێوازی هەڵبژاردنی داب ونەریت وبیرو باوەری کۆمەڵگەو بەها پەسەند وڕاست و دروستەکانی کۆمەڵگەیە لە ئێستادا .
- کۆمەڵی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرنگی تەواوی بە پەروەردەکردن داوە، منداڵ و هەرزەکار و گەورەکان هەردەم لە ئامۆژگاریان دابوونە و دووریان خستوونەتەوە لە کار و کردەوەی خراپ و ئاراستەکردنی کار و کردەوەی باش و پەسەند.
- ئافرەت ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لەناو هەقایەتەکاندا بینیوە.

**ڕاسپاردە و پێشنیار**

- پێشنیاری ئەوە دەکەم، لێکۆڵینەوەیەکی لەم بابەتە و هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانی دیکە سەبارەت بە کلتوری کۆمەڵایەتی لە حەکایەتە فۆلکلۆرییەکاندا ببێتە پرۆگرامێک لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکاندا بخوێنرێت بەشێوەیەک ئەو حەکایەتانە پۆلێن بکرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ تەمەنی قوتابی و خوێندکاران بگونجێت تاوەکو نەوەیەک دروست بێت، ئاکار و ڕەوشتی تەندروست و ئەخلاقی نەوەکانی پێشوویان لەبەرچاو بێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەرجەستەی بکەن.
- پێشنیاری ئەوەش دەکەم ئەم بابەتە و هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکە ئامادەبکرێت بۆ دەزگاکانی بەخێوکردنی بێ سەرپەرشتیار و بەخێوکەرانی منداڵانی بێ دایک و باوک لە (کوڕ و کچان) بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیەوە، بگووترێتەوە وەک پێداویستیەکی زۆر گرنگ چونکە ئەوانە زیاتر پێویستیان بەم بابەتە هەیە و ئەو بۆشاییە

پەروەردەییە پڕ بکەنەوە لە دیارنەمانی دایک و باوکیان بۆ ئەوەی تاکێکی تەندروستی خاوەن ڕەوشت و ئاکار و ڕەفتاری جوان پێشکەش بە کۆمەڵگە بکەن.

– لەکۆتاییشدا دایکان و باوکان ڕادەسپێرین، کە پێش خەوتن شەوانە حەکایەتێک بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە و ئەو کلتورە کۆمەڵایەتییە جوانەیان بۆ شی بکەنەوە لە وەفا و ڕاستگۆیی و ڕەوشت بەرزی و دەستپاکی و ئازایی و بوێری و ....هتد. لەبەرئەوەی لە کوردەواری گوتراوە: (چ بچینیت ئەوەی دەدوریەوە) تۆ چۆن بیت لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانت، ئەوانیش بەم شێوەیە دەبن.

**سەرچاوەکان:**


- ئاشووری ،داریۆش ،(2007) ، کلتوور چەمك وپێناسەکان ،چاپخانەی ئەلەند
- ئاشووری ،داریۆش ،(2013) ، چەمك وپێناسەی فەرهەنگ (کلتوور) ،چ1،چاپخانەی موکریانی ،هەولێر .
- ئەحمەد، ناهیدە ،( 2005)، ئەدەبی منداڵانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ئەحمەد،ناهیدە ،(2005) سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد ،هەولێر .
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد ،(2006) ئەزمووونی خوێندنەوە ،چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی ،چ1،سلێمانی.
- ئیسماعیل ،رێبین رەسوول ، (2004) ئەنپروبولوژیا ،دەزگای چاپ و پەخشی رێبین ،چ1،هەولێر
- جەوهەر، حەیدەر ،(2006)حکایەتی میللی کوردی ،بایەخ وئەرك ولایەنەکانی هونەریە گ/ئاسۆی فۆلکلۆر ،ژ/22.
- حەسەن ،حەمە فەریق ،(1997)مەملەکەتی ماسی ،وەزارەتی رۆشنبیری ،هەولێر.
- خەسرەو میراودەلی،(2007) ، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی ، چاپی یەکەم، ، سلێمانی.
- رەسوول ،عزاللدین مستەفا ،(د)،(2010) ،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ،چ3،دەزگای ئاراس ،هەولێر .
- رەمەزان ،محمد رحیم ،(1984) ،مندال وچیرۆکی مندالان ،هەولێر .
- زێباری ،تاهیر حسۆ و محمد شوانی (ه)،(2012)، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی ،سلێمانی .
- شوانی ،محمد حسین ،(چەمکی کلتوور )،گ/گرنگ ،ژ/86،کەرکوك .
- صواف ، محمد شەریف،(2004) ،پەروەردەی منداڵان وهەرزەکاران ،و/نەوا محمد سعید ،هەولێر.
- فەتاح،محمد رشید ،(2009) نموونە ولێکۆڵینەوە لە ئەەبی منداڵانی کورددا ،چ2،هەولێر .
- فەقێ،عەلی شێرزاد ،مندال لە تەمەنی چوونە قوتابخانەدا ،چ2،خانەی موکریانی ،هەولێر .
- فوئاد صدیق، (2015) ، دەروونزانی کۆمەڵایەتی، ، هەولێر.
- مەنووچەهر محسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و/ ڕێبوار سیوویلی،مراد حەکیم، چاپی سێیەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر.
- وەلەد بەگی ئەکبەر (2009)،کۆمولناسی بۆ ژیان ،چاپخانەی گەنج ،چ1،سلێمانی ،و/خالد حسین پێنجوێنی .


**بە زمانی عەرەبی :**


- احمد سمیر عبدالوهاب،(2006)،قراءة نظرية ادب الاطفال ونماذج تطبيقية ،ط،الاردن .
- الحسين،احمد،(2005)فنون الماثورات الشفاهية فى الجزيرة ،دمشق ،سورية .
- السامرائي ، هاشم جاسم (د)(1988) ،مدخل الى علام النفس، بغداد، العراق.
- عارف ،حميد مجيد (د) (1990) الأنثروبولوجية التربوية ،مطبعة التعليم العالى ،موصل، العراق.
- الهاشمى ،عبدالرحمن واخرون (د)(2008)،ادب الاطفال (فلسفة ،انواعه ،تدريبه )،ط1، الاردن .


**ئەو ژمارانەی گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە ئەمانەن:**


- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/2، ساڵی 2000، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/6،ساڵی 2004، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/ 7، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/10، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/11، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/12، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/14، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ/ 15، ساڵی 2005، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژ/17، ساڵی 2006، هەولێر.

- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/18، ساڵی 2006، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/20، ساڵی 2006، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/22، ساڵی 2006، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/24، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/29، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/30، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/31، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/32، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/34، ساڵی 2008، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/35، ساڵی 2008، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/37، ساڵی 2008، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/38، ساڵی 2008، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر،ژ/50، ساڵی 2011، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/28، ساڵی 2007، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/16، ساڵی 2006، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/21، ساڵی 2006، هەولێر.
- گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژ/41، ساڵی 2008، هەولێر.


**الثقافة الإجتماعية فى الحكاية الكوردية من 25 عددا من مجلة اسوى فلكلور نموذجا**


**إبراهيم حسن حمد**

كلية التربية - قسم اللغة الكردية / جامعة صلاح الدين-أربيل

Ibrahim.hamad1@su.edu.krd



**ملخص**

البحث بعنوان (الثقافة الاجتماعية في الحكاية الكوردية من 25 عددا من مجلة اسوي فلكلور نموذجا). الثقافة موضوع ذات أهمية كبيرة فى الحياة الاجتماعية لأى مجتمع لأن الثقافة كانت أسلوبا وأصولا للحياة فى الماضى. .كثير من العلماء الأنثروبولوجيين ممن عرفوا الثقافة ولكن أهم تعريف لحد الأن هو تعريف (تايلر) الذى عرفه .كعلم وفن وأخلاق المكتسبة فى المحيط الانسان منذ القدم. أما الثقافة فى وقت الحاضر تشير الى كل اراء وعلوم و فنون و عقائد وعادات و تقاليد فى المجتمع .للثقافة ذات أهمية كبيرة فى تربية الأطفال و المراهقين و الراشدين وكبار السن أيضا من خلال الحكايات الكردية المستنبطة من صميم المجتمع الكردى لأن الحكايات ذات مغزى كثيرة للمجتمع الكردى وذات قيم عظيمة مثل :الصدق ،الوفاء بالعهد ، التعاون والتضامن بين أفراد المجتمع و مشاركة المرأة فى الحياة اليومية جنبا الى جنب مع الرجل فى كافة ميادين الحياة .للأسرة والمدرسة والمؤسسات الأجتماعية دور بارز فى التنشئة الأجتماعية لكافة أفراد المجتمع ،إذا كانت تدرس وتعلم بشكل صحيح .



**الكلمات المفتاحية:** الثقافة الإجتماعية، الحكاية، القيم الإجتماعية، أهمية الحكاية، التربية الإجتماعية.


**Social Culture in Kurdish Tale with reference to 25 copies of Asoy Folklore Journal**


**Ibrahim Hassan Hamad**

College of Education - Kurdish Department / Salahaddin University-Erbil

Ibrahim.hamad1@su.edu.krd



**Abstract**

This study entitled "Social Culture in Kurdish Tale with reference to 25 copies of Asoy Folklore Journal". Culture has great role in society. Many enthropologistis define culture، but the most famous one is by Taylor who defines it as science، art and acquired ethic from the environment that surround people. Nowadays، culture refers to sciences، arts، norms، habits in society. Culture plays crucial role in educating children، teenagers and even the old. There are good lessons in these tales like، keeping promise، truth، solidarity and do good to the others. The role of women is also clear in these tales. Family، schools, educational and social institutions have prominent role in educating all the individuals in this society. All the lessons are exemplified by examples from real life of Kurdish society.



**Keywords**: Social culture, tales, social value, importance of tales, social education.